گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سنوری دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی بەرامبەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لە عیراق و هەرێمی کوردستان

**جمعه قادر صالح**
بەشی کارگێڕی یاسایی، پەیمانگەی تەکنیکی خەبات، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Jumha.salih@epu.edu.iq

**نهرو اسعد عبدالله**
بەشی کارگێڕی یاسایی، پەیمانگەی تەکنیکی خەبات، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Nahro.abdulla@epu.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** 2019/11/25
**پەسەندکردن:** 2020/1/12
**بڵاو کردنەوە:** زستانی 2020

**ووشە سەرەکییەکان**

*Acts of sovereignty, Emergency conditions, Martial law, Exceptional circumstances, Administrative judiciary*

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دراسەکردنی ئەو بڕیارانەی کە دەسەڵاتی یاسادانان دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕادەسپێرێت بۆ دەرکردنیان , هێزی یاسایان هەیە لە بارودۆخە نائاساییەکانی کە ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە بۆ دڵنیابوون لە بەردەوام بەڕێوەچوونی دەزگاکانی دەوڵەت بەرێکوپێکی، وە پارێزگاریکردن لە لەئاسایش وسەلامەتی وڵات لە مەترسیەکانی ناوخۆو دەرەوە کە هەڕەشەن بۆ سەروەری وڵات وتاکەکانی. وە مەترسی ئەو بڕیارانەش لەسەر ئازادی و مافەکانی تاک وکۆمەڵگا. وە تیشک خستنە سەر سنوری دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی بەرامبەر ئەو جۆرە بڕیارانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیە دوو توێژبەندی لەخۆ گرتووە: توێژبەندی یەکەم تایبەتە بە پێناسەی ئەو بڕیارانەی که هێزی یاسایان هەیە، لەگەڵ ئەو بنەما یاساییانەی کەئەو جۆرە بڕیارانە پشتیان پێبەستووە.
هەرچی توێژبەندی دووەمە تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەسەر دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی لەهەریەک لە عیراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە.
لە دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە، توێژەران گەیشتنە چەند دەرەنجامێک گرنگترینیان: ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەردەچن وە لە کاتێکدا کە وڵات ڕووبەڕووی مەترسی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێتەوە و بڕیارەکانیش کاریگەری خراپیان لەسەر ماف و ئازادی تاکەکان هەیە کە بەیاسا ڕێکخراون، وە دادگای کارگێڕیش سنوری دەسەڵاتی بەرتەسک دەبێتەوە بۆ یایەکلیکردنەوەی ئەو کێشانەی دەرەنجامی ئەو جۆرە بڕیارانە دەکەونەوە.

Doi:
10.25212/lfu.qzj.5.4.09

## 1. پێشەکی:

لەسەرەتای پێکهێنانی دەوڵەت سێ دەسەڵاتی جیاواز بە ئەرک و چالاکیە جۆراوجۆرەکانیانەوە بەشداری بەڕێوەبردنی وڵات دەکەن. ئەمانەش دەسەڵاتی یاسادانان کە کاری یاسادانانە، وە دەسەڵاتی دادگاییە بەهەردوو جۆرەکانیەوە، دادگای ئاسایی و دادگای گارگێڕی(1)، وە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە ( یان ڕاپەڕاندن)کە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، جا بۆئەوەی پیادەی دەسەڵات و چالاکیە جۆربەجۆرەکانی بکات لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیارە کارگێڕییەکانیەوە کە بریتیە لە کارێکی یاسایی لایەنی کارگێڕی بە ویستی تاکلایەنەی خۆی دەری دەکات، بە مەبەستی گۆڕانکاری نوێ

1 ) بەپێی جۆری سیستەمی حوکم کە هەندێک لە وڵاتان یەک دەسەڵاتی دادگاییان هەیە کە دادگای ئاساییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بارودۆخی یاسایی بە پێکهێنانی ناوەندێکی یاسایی نوێ، یان هەمووارکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ناوەندێکی یاسایی هەبوو(2)، ئەو بڕیارانەش بەپلەی سێیەم دێت لە ڕووی هێزی یاساییەوە لە دوای دەستور ویاسادا. لە هەرەمی دەسەڵاتی یاسایی، ئەو بڕیارانەش ملکەچی چاودێری دادگایە بۆیە پێویستە پێچەوانەی دەستور وياسا نەبێت.

هەندێک بارودۆخی نەخوازراوی هەنوکەیی دەوڵەت لە ڕێی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە ناچار دەبێ کە بڕیاری ئاوا دەربکات بۆ دورخستننەوەی مەترسیەکانی سەر دەوڵەت و هاونیشتمانیەکانی، کە توانای لەکارخستن و هاوتاکردن وهەڵوەشاندنەوەی یاسا کارپێکراوەکانی هەیە کە لە وڵات دا لە کاتی بارودۆخی ئاساییدا پەیڕەو دەکرێت. ئەم جۆرە بڕیارانەش پێیان دەڵێن ئەو بڕیارو مەرسومانەی کە هێزی یاسایان هەیە. ئەم جۆرە بڕیارانەش دوو لایانەیە, لایەنی یەکەم ئەو بڕیارانە مەترسییەکانی سەر گەل و نیشتمان دەڕەوێنێتەوە و ئاسایشی وڵات دەپارێزێت, هەرچی لایەنی دووەمە کە مەبەستی سەرەکی دیراسەکەمانە, سنوری ئازادی تاکەکان پێشێل دەکات و مافەکانیان دخاتە مەترسیەوە. وە سنوری دەسەڵاتی دادگاکان سنوردار دەکات توانای یەکلایی کردنەوەی ئەو جۆرە کێشانەیان نامێنێت کە لە دەرئەنجامی ئەو بڕیارانە دەکەونەوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

عێراق و هەرێمی کوردستانی خاوەن دەسەڵاتی دوو دادگایین، دادگای ئاسایی و دادگای کارگێڕی کە چاودێرە بەسەر بڕیارە کارگێڕییەکاندا کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەچێت. جا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە بەدیار دەکەوێت:

2 ) الجبوري، د. ماهر صالح علاوي،( ٢٠٠٩)، الوسيط في القانون الاداري، دون مكان النشر، ص٢٩٧.

١- تیشک خستنە سەر ئەو بڕیارانەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەریان دەکات و هێزی یاسایان هەیە.

٢- تیشک خستنە سەر جێکەوتەی ئەو جۆرە بڕیارانە.

٣- تیشک خستنە سەر دەسەڵاتی دادگایی کارگێری بەسەر ئەو جۆرە بڕیارانە کە لە ڕووی هێزی بڕیارەکانەوە لە ئاستی دەستور و یاساکانە وە لە ڕووی پێشێلکردنی ئازادی تاکەکانەوە مەترسی بە سەریانەوە هەیە.

٤- تیشك خستنە سەر لاوازی دەسەلاتی دادگاکان بەرامبەر دەسەلاتی جێبەجێکردن

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرینگی توێژینەوەکە لەوە دایە کە لە ماوەی ڕابردوو عێڕاق و هەرێمی کوردستان بارودۆخی نا ئاسایی زۆریان بینیوە، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەسەڵاتی زیادی کردوە و بڕیاریان لەسەر داوە ئەو جۆرە بڕیارانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر چالاکی دەزگاکان لەلایەک وە لە لایکی تر کاریگەری ڕاستەو خۆیان هەیە لەسەر ئازادی تاکەکان بەجۆرێک نەک هەر سنورداری دەکات بەڵکو مەترسی هەیە بەسەرییەوە. بۆیە توێژەران وای دەبینن کە ئەو بابەتە زۆر گرنگە لەڕووی هۆشیاری دەوڵەت و دەسەڵاتی یاسادانان بۆ ئەوەی سنورێک بۆ ئەو جۆری بڕیارانە لە دەستور و یاسادا دابنێت وە دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی فراوان بکات بۆ سنوردار کردنی ئەو جۆرە بڕیارانەی کە مەترسی دەبێ بەسەر دەسەڵات، وە ناو و شۆڕەتی حکومڕانی و ئازادی تاکەکان کە زیاتر لە سەردەمی دکتاتۆری دا پیادە دەکرا کە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤە کە لە ئێستادا وڵاتان بانگەشەی بۆ دەکەن هەروەها گرنگە لە ڕووی دەوڵەمەند کردنی پەرتوکخانەی کوردی لە بابەتە یاساییەکان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چونکە ئەو پەرتوکخانانە زۆر هەژارن لە پەرتوک و توێژینەوەی یاسایی بە زمانی کوردی، ئەمەش بۆ هۆکاری سیاسی دەگەڕێتەوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتی توێژینەوەکە کورت دەکەینەوە لەسەرسنوری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەبارودۆخە نائاساییەکان و چۆنایەتی گونجانی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ دەستور و یاسادا. وە کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر ئازادیەکانی تاک و کۆمەڵگە. وە کاریگەری زێدەڕۆیی ئەو سنوربەزاندنانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر پێشێلکردنی ماف و ئازادی تاکەکان کە پێچەوانەی ئەرکە یاسایی و ڕاستەقینەییەکانی ئەو دەسەڵاتەیە.

زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم کاتێک بڕیاری لەناکاو ڕادەگەیەنن، دەسەڵاتی تایبەتمەند پابەند نابێت بەماوەی دیاریکراو، هەروەها پێشێلکاریەکی تەواوی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ دەکەن، لەسەرووی ئەمانەشەوە چاودێری سیاسی و دادگایی زۆر لاوازە هەندێجار بەنەبوو هەژمار دەکرێت وە لەزۆربەی کاتدا جاڕدانی باری لەناکاو یان ئەحکامی عورفی بڕیاری سیاسین و بەرێککەوتنی سیاسی بەیاسایی دەکەن، چونکە بڕیارە سیاسیەکان لەبەرژەوەندی هێزە سیاسیە زلهێزەکانە، هەربۆیەش بەدەگمەن ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە وەکو سەرچاوە بەدەست توێژەران ناکەوێت

ئەو کۆسپانەی کە ڕووبەڕوی توێژەران دەبێتەوە:

هەر چەندە پیادە کردنی ئەو جۆرە بڕیارانە لەسەردەمی دکتاتۆریدا بە شێوەیەکی ڕەها بەدیار دەکەوت، لە دەستوری تازەی وڵاتاندا بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە بانگەشەی دادپەروەری و ئازادی تاکەکان دەکەن لەڕواڵەتدا کەم بۆتەوە. بەڵام گەورەترین کۆسپ کە توشی توێژەران بووەوە ئەوەیە کە لە دەستور و یاسای وڵاتان بەگشتی و ئەو وڵاتانەی کە خاوەن دادگای کارگێڕین بە تایبەتی، هیچ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مادەیەک ئاماژەی ئاشکرا بە سنوردار کردنی ئەو جۆرە بڕیارانە نییە, بەڵکو توێژەران پشتیان بە هەندێک لە بڕیاری دادگاکان بەستووە بۆ بەراورد کردنی بڕیارەکان و دەسەڵاتی دادگا کارگێڕیەکان لە مێژووی عێراق و کوردستاندا بۆ پارێزگاری کردن لە ئازادی تاکەکان. سەرەڕای ئەمانەش ئەو جۆرە بڕیارانە زۆر بە کەمی بەرچاو دەکەوێت کە ئەمەش بۆتە گەورەترین کۆسپ لە ڕێگەی توێژەران بۆدیاری کردنی سنوری دەسەڵاتی دادگاکان، ئەو جۆرە بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لەلایەن گەورەترین قەوارەی سیاسییەوە پشتیوانی دەکرێن و دادگای کارگێڕیش دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێت. هەروەها نەبوونی سەرچاوە لەم بارەوە کۆسپێکی تری توێژەرانە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژەران پشتیان بە ڕێڕەوی توێژینەوەی شیکاری بەستوە بۆ شیکردنەوەی زۆربەی دەقەیاساییەکانی کەلە دوو توێی ئەو توێژینەوەیەدا باسکراوە، هەروەها پشتیان بە ڕێڕەوی بەراوردکاری لەنێوان دەستورو یاسای عیراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بەستوە کە لەناو توێژینەوەکەدا هاتوە وشایانی بەراوردکردنە.

لەبەر زۆر پێویستیمان بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو دەربارەی سنوری دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی بەرامبەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لە عیراق و هەرێمی کوردستان، وا پێویست بوو کە توێژینەوەکەمان بەسەر پێشەکی و دوو توێژبەند و کۆتایی دابەشبکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

## پێشەکی

توێژبەندی یەکەم: پێناسە و بنەما یاساییەکانی ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە

خواستی یەکەم: پێناسەی کارسالاری ( أعمال سیادە) و بنەما یاساییەکەی

خواستی دووەم: پێناسەی باری لەناکاو و ئەحکامی عورفی و بنەما یاساییەکانیان

تویژبەندی دووەم: دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی عیراقی فیدراڵ وهەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە.

خواستی یەکەم: دەسەڵاتی دادگاکانی عیراقی لە سەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لەسایەی سیستەمی یەک دادگاییدا

خواستی دووەم: دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی عیراقی لە سەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لەسایەی سیستەمی دوو دادگاییدا

خواستی سێیەم: دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی بەسەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لە هەرێمی کوردستان.

کۆتایی

## تویژبەندی یەکەم

## پێناسە و بنەما یاسابیەکانی ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە

لەم تویژبەندەدا پێناسەی ئەو بڕیارانە دەکەین کە هێزی یاسایان هەیە، کە کۆمەڵێک چەمکی هاوشێوەن دەکەونە ژێر ئەو پلەبەندیە، وەکو کارسالاری، بیردۆزی ناچاری و بارودۆخی هەڵاوێردی ، باری لەناکاو و ئەحکامی عورفی. وە ئەو بنەما یاساییانەی کە ئەم بڕیارانە پشتیان پێبەستوە. ئەمەش لە سێ خواست بەم شێوەی خوارەوە:

### خواستی یەکەم

### پێناسەی کارسالاری وبنەما یاساییەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم خواستەدا پێناسەی کارسالاری و بنەماياساييەکەی دەکەین وە بەراوردی کارسالاری و کاری کارگێری دەکەین بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: پێناسەی کارسالاری

زانایان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کارسالاری کردوە، وەکو دکتۆر محمود حافظ پێناسەی کارسالاری بەوە کردوە کە: ( بریتیە لە کۆمەڵێک کاری جێبەجێکردن و پارێزبەندی هەیە لە چاودێری دادگا بە هەموو شێوەو ڕواڵەتەکانیەوە)(3). هەرچی دکتۆر انور احمد رسلانە دەڵی: مەبەست لە کارسالاری کۆمەڵە کارێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەوتۆیە کە ملکەچی دادگای کارگێری ودادگای ئاسایی نابێت، وە نابێتە بابەتی تانەلێدان بە هەڵوەشاندنەوەی یان قەرەبوکردنەوە وە ناتوانرێت لە جێبەجێکردنیش بوەستێنرێت و ئەم بیردۆزە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە بنەمای مەشروعیەت دەرچوە(4). یەکێکی تر لە زانایانی بواری یاسا لە پێناسەی کارسالاریدا دەڵێ: کارسالاری یان کاری حکومەت بریتیە لە کۆمەڵە کارێک کە دەسەڵاتی حوکم لە وڵاتدا پێی هەڵدەستن لە پیناو پارێزگاریکردن لە بوونی وڵات بە زەوی و گەل و دەسەلاتەوە بە بەرەنگاربونەوەی مەترسی دەرەکی و ناوخۆ بەگشتی، وەکو ڕێکخستنی وڵات و دیاریکردنی جۆری حوکم و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان، سیستەمی دراوی، کارە پەیوەستدارەکان بە پارێزگاریکردن، گرێبەستی پەیماننامەکان، جاڕدانی شەڕ و ئاشتی و دەستهەڵگرتن لە ماف، ڕێکخستن و ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکان، جاڕدانی حوکمی عورفی و کۆتاییهێنانی، ئەو کارانەی لە کاتی شەڕ و کارەساتی سروشتی وەکو لافاوو بورکان و بومەلەرزە و نەخۆشی پێویستیەکان ئەنجامی دەدەن(5).

3 ) حافظ، د. محمود محمد، ( ١٩٨٥)، القرار الاداري، ط4، دار النهضة العربية، القاهرة، ص99.

4 ) رسلان، د. انور احمد، ( ١٩٩٩)، وسيط القضاء الاداري، دار النهضة العربية، القاهرة، ص 151.

5 ) د. هاشم، محمود محمد، ( ١٩٨١)، قانون القضاء المدني، ج1، النظام القضائي، جامعة عين شمس، كلية الحقوق، ص302.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەژێر ڕۆشنایی پێناسەکانی زانایانی بواری یاسا دەتوانین بڵێین کە کارسالاری هەموو ئەو بڕیارە هەستیارانەی کە پەیوەستن بە پاراستنی گەل و وڵات لە هەڕەشەی ناوخۆ و دەرەوە و دادگاکانیش دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێت.

کارسالاری لەم جۆرە چەمکانەیە کە مشتومڕی زۆری لەسەرە لە بواری یاسادا، لە وڵاتە پێشکەوتوەکان بەم جۆرە کارانە دەڵێن کە بنەمای سەروەری یاسایان تێدا بەدیدەکرێت. هەرچی لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا بە هەڵسوکەوتی کارگێڕی هەژمار دەکرێن. لە هەردوو بیروبۆچوندا سروشتێکی سیاسی هەیە لەبەر هەستیاری کارەکان دورخراوەتەوە لە دادگاکان، کە پێویستە لە زۆربەی کاتدا بە نهێنی ئەنجام بدرێت. بۆیە ئەو جۆرە کارانە و جێکەوتەکانی دورە لە چاودێری دادگاکان(6). بەڵام دادگاکان ویستیان هەیە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم جۆرە کارانەدا بسەپێنن بەو بیانوەی کە مافی دەوڵەت لەپێشتر نیە لە مافی تاکەکان، کە هەردوو مافیش لەیاساوە سەرچاوەیان گرتووە و ناکرێ بەبیانووی کارسالارییەوە چاودێری دادگاکان لە جێبەجێکردنی یاسا دوور بخرێتەوە، چونکە لە دەوڵەتی یاساییدا کەس لەیاسا بەرزتر نیە، و دەست تێوەردان لە ماف و ئازادی تاکەکان تەنها لە سنوری ناچاری و بەرژەوەندی گشتی وپاککردنەوەی کۆمەڵگە لە داگیرکاری و گەندەڵی دەبێت(7). جا لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخی سیاسی و بەرژەوەندی باڵای وڵات دەسەڵاتی حوکم بۆ پاراستنی سەروەری وڵات لە دەرکردنی ئەو جۆرە بڕیارانەدا ڕەچاوی هەموو بارودۆخەکانی وڵات دەکات بۆیە پارێزبەندی کردووە لە چاودێری دادگاکان.

6 ) د. بن عمار، مقنى، ( ٢٠١٣)، اعمال السيادة كاستثناء عن اختصاص القضاء وتطبيقاتها في مواد الجنسية، بحث غير منشور، جامعة ابن خلدون/ تيارت، الجزائر، ص3.

7 ) د. واصل، محمد، (٢٠٠٦)، اعمال السيادة والاختصاص القضائي، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد 22، العدد الثاني، ص385.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم: ئەو بنەما یاساییانەی کە کارسالاری پشتیان پێ دەبەستێ

گومان لەوەدا نیە کە هەموو بیردۆزێك پشت بە بنەمایەکی یاسایی دەبەستێ و پشتیوانی بەبەلگەوە لێ دەکات بیردۆزی کارسالاریش یەکێکە لەو بیردۆزانە، وە هەلوێست و بیروبۆچوونی زانایانی یاسا جیاوازە لە هەڵوێست و بیروبۆچوونی دەستەی دادوەران لەبارەی لێکدانەوەو دەربڕینی ڕایان وە گونجاندنی یاسایی ئەو جۆرە بڕیارانە ئایا بە کارسالاری هەژمار دەکرێن یان نا یان بۆ دیاریکردنی سروشتی یاساییەکەی بیروبۆچوون و ڕای پەسەند لەو بارەوە دەچێتە چوارچیوەی زالکردنی سروشتی مافی بەرژەوەندی گشتی بەسەر ماف و بەرژەوەندی تایبەتدا(8).

بۆ نمونە بۆ پارێزگاری کردن لە مانەوەو ژیانی کەسێك ئەندامێکی جەستەی دەبێتە قوربانی یان قوربانی دان بە تاکێکی کۆمەلگا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی ( أن درء المغارم مقدم على جلب المغانم) واتە پەیوەندی بە چەمکی سیستەمی گشتیەوە هەیە.

بەڵام دیاری کردنی کارەکان و گونجاندنیان ئایا بە کارسالاری هەژماردەکرێن یان نا ئەوە بابەتێکە دادگای تایبەتمەند کە داواکە دەبینێ پێی هەلدەستێت و ملکەچی دادگای بەرزترە، وەکو ئەوەی کە دادگای باڵای دەستوری میسر لە دانیشتنی ژمارە (15)ی ساڵی(1986 ) بڕیاری دا لە بڕیاری دادگای تێهەلچونەوەی میسری : ( دادگای تێهەلچونەوە بڕیاری داوە کە دادگاکان تایبەتمەندن بە دیاری کردنی وەسفی یاسایی بۆ ئەو کارانەی لە دەسەلاتی گشتیەوە دەردەچێت، ئایا بە کارسالاری هەژمار دەکرێت، ئەو بڕیارانەش ملکەچی دادگای تێهەلچونەوەن).

وەلە بڕیاری دادگای باڵای دەستوری میسر دا هاتووە : ( عیبرەت لە دیاری کردنی گونجاندنی یاسایی بۆ هەر کارێکی دەسەلاتی جێبەجێ کردن بۆ زانین و جیاکردنەوەی کارسالاری لە کاری کارگێڕی ئەمەش بە سروشتی کارەکە بەدیار دەکەوێت.هەروەها لیستێك یان چەند مادەیەك دیاری نەکراوە ئەو کارانە بە کاری سیاسی یان کاری کارسالاری هەژمار بکرێت و دادگا قەدەغە کرابێت بۆ یەکلایی

8 ) المصدر نفسه، ص136.

کردنەوەی هەروەها بەوە نیە کە دەسەلاتی جێبەجێ کردن پێی هەڵساوە چونکە عیبرەت لە سروشتی کارەکەیە نەك لەو شێوەیەی کە حکومەت باسی لێوە دەکات.

هەندێك لە زانایان(9) وای بۆ دەچن کە هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەو دەسەلاتەی کە پیادەی ڕێکخستنی کارگێڕی دەکات لەگەڵ ئەو دەسەلاتەی کە پیادەی حوکم دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کارەکانی حکومەت ملکەچی چاودێری دادگایە هەندێکی تر(10) وای دەبینن کە بیردۆزی سیاسی و کارسالاری بە بەردەوام لە بچوك بونەوەدایە. لەکاتی ئێستادا کورت کراوەتەوە بۆ هەندێك داوا کاری پێداویستی وەك حالەتی شەڕو پەیوەندی دەرەکی و پیادەکردنی سەرۆکی ولات بۆ هەندێك لە دەسەڵاتەکانی و پەیوەندی حکومەت بە دەسەڵاتی یاسادانانەوە، لەبەر ئەوە کاری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن (حکومەت) لەو خاڵانەی خوارەوە کورت بوەتەوە:

1- کاری ڕێك خستن و پەیوەندی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بە دەسەڵاتی یاسادانانەوە.
2- ئەو کارانەی پەیوەستە بە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان.

لە هەموو ئەوانەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە هیچ دەقێکی یاسایی کارسالارییەکانی دیاری نەکردووە بەلام هەندێ یاسا دەڵێ دادگا بۆی نیە کارسالاری ببینێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەروەها پارێزبەندی کراوە لە بەرامبەر دادگای ئاسایی و کارگێڕی و دەستوری وە بۆی نیە گوێ لەم جۆرە داوایانە بگرێ واتە ناتوانێ لێکدانەوەی بۆ بکات، شی یان بکاتەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوەو جێبەجێ کردنیان ڕابگرێت، وەکو لە بڕیاری دادگای عیراقدا لە ڕێکەوتی 1997/7/25دا هاتوە کە( دادگای کارگێڕی پسپۆڕو تایبەتمەند نیە لە شیکردنەوەی یاساکان و

9 ) بنواڕە: حسين، مسعودي، ( ٢٠١٢)، أعمال السيادة بين الإطلاق والتحديد، ورقة العمل مقدم الى المؤتمر الثاني لرؤساء المحاكم الإدارية في الدول العربية، الجزائر، ص٨.
10) حسين، مسعودي: مصدر سابق، ص9

هاوتاکردنیان، یان بڕیارە دەرچووەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)(11)، بڕیاری قەرەبوی زیانەکانی بدات، بەلکو تەنها بۆی هەیە کارەکان هەلسەنگێنێت ئایا کار سالارییە یان نا، ئەگەر بۆی دەرکەوت کارسالارییە ئەوا دەڵێ لە پسپۆڕی ئێمە نیە.

**سێیەم: جیاوازی نێوان کارسالاری و کاری کارگێڕی**

کارسالاری بەو سیفەتەی کە پەیوەستە بە بەرزترین دەسەڵاتی حوکم و پەیوەندی بەسەروەری و بەرژەوەندی ناوەوە و دەرەوەی باڵای وڵاتەوە هەیە، سروشتی ئەو بڕیارانەش وایە نابێ ببێتە جێگەی ڕکابەری و وملکەچی چاودێری دادگا نابێت، بە کاری حکومەت ناسراوە، جیاوازە لە کاری کارگێڕی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەریان دەکات وملکەچی دادگایە بۆ بنەمای دروستی و سەروەری یاسا. جا بۆ جیاکردنەوەی بڕیاری کارسالاری لە کارە کارگێڕییەکانی تر، چەند پێوەرێک هەیە بۆ جیاکردنەوەی کارە کارگێڕییەکان لە کارە ناکارگێڕییەکان، پێوەرەکانیش لە (لایەن زانایان و دادگاکان دیاریکراون)(12) ئەمانەن:

1. پێوەری هاندەر : مەبەست و پاڵنەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەرکردنی بڕیاری کارگێڕی، جا ئەگەر دەسەڵات بە مەبەستی سیاسی بڕیارێکی کارگێڕی دەرکرد، ئەوا بە کارسالاری هەژمار دەکرێت و ملکەچی چاودێری دادگای کارگێڕی نابێت. بەڵام ئەگەر هاندەرەکە سیاسی نەبوو ئەوا بەکاری کارگێڕی دادەنرێت وملکەچی چاودێری دادگای کارگێڕی دەبێت(13).

11 ) بنوارە: د. محمود، عبدالباقي،( ١٩٩٩)، أهم المبادىء التي أقرها القضاء الإداري في العراق، مجلة العدالة، العدد الثاني، تصدرها وزارة العدل، بغداد، ص 101

12 ) د. الطماوي، سليمان،( ١٩٧٦)، القضاء الاداري، ج1، قضاء الالغاء، دار الفكر العربي، ص367 وما بعدها.

13) C.E.09/5/1867. Duc d, aumale

وەرگیراوە لە : د. بن عمار، مقني،( ٢٠١٣)، أعمال السيادة كأستثناء عن اختصاص القضاء، جامعة ابن خلدون( تيارت)، ص6.

2. پێوەری بابەتی: ئەم پێوەرە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە سروشتی ئەو بڕیارەی کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەچێت پێک دێت. جا ئەگەر بڕیارەکە حکومی بوو، ئەوا کارسالاریەو لە چاودێری دادگا دەردەچێت، بۆ نمونە ( بڕیاری ژوری کارگێڕی لە دادگای باڵای جەزائیری لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/١/٧ لە فایلی ژمارە(٣٦٤٧٣) کە پەیوەست بوو بە تانە لێدان لە بڕیاری وەزیری دارایی بە کێشانەوەی دراوی کۆن لە بازاڕ، کە بە کارسالاری هەژمارکراو ڕوبەڕوی چاودێری دادگا نابێتەوە.بەڵام ئەگەر بڕیارە کارگێڕییەکە لە کارگێڕییەوە بوو ئەوا بە کارسالاری هەژمار ناکرێت وملکەچی چاودێری دادگا دەبێت بە هەمو شێوەکانی داوای کارگێڕیە ناسراوەکان(14).

3. پێوەری جێبەجێکردن: بڕیارو کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە بڕیاری حکومی(کارسالاری) دادەنرێت ئەگەر بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی دەستور بوو، وە بە بڕیاری کارگێڕی دادەنرێت ئەگە پەیوەندی بە یاسای ئاسایی بوو(15).

4. پێوەری تەرخانکراوی دادگایی بۆ کارسالاری: لەبەر ئەوەی زانایانی بواری یاسای گشتی بێ توانا بوون لە دانانی پێوەرێکی گشتگیر بۆ کارسالاری و جیاکردنەوەی لە بڕیاری کارگێڕی، بۆیە پشتیان بە وتەی عمید هۆریو بەستوە کە دەڵێ: (بڕیاری حکومی ئەو بڕیارانەن کە دادگای کارگێڕی ئەو سیفەتەی پێدەدات، لەسەروی هەموشیانەوە ئەنجومەنی دەوڵەت و دادگای جیاکردنەوەی کێشەکان(16).

14 ) قرار الغرفة الادارية العليا، ( ١٩٩٥، منشور بالمجلة القضائية، الجزائرية، العدد الثاني، ص142.

15 ) حسين، مبروك،( ٢٠٠٧)، تحرير النصوص القانونية، دار هومة، ط2، ص16 و بەدواوە.

16 ) M. Hourio,( 1957), précis de droit administrative. Dalloz.

وەرگیراوە لە : د. بن عمار، مقنى، سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە ٦.

## خواستی دووەم

### پێناسەی باری لەناکاو و ئەحکامی عورفی و بنەما یاساییەکانیان

بۆ تیشك خستنە سەر باری لەناکاوو ئەحکامی عورفی پێویستە لەسەرەتادا ئاماژە بۆ بارودۆخ و سیستەمی هەلاوێردی بکەین کە بریتیە لە ( بیرۆکەیەك کە هەندێك لەو ڕێککارانەی کە یاسایی نین لە بارودۆخی ئاساییدا بە یاسایی هەژماردەکرێن لە هەندێك بارودۆخدا، کە پێویستە بۆ پاراستنی سیستەمی گشتی و بەردەوام بوونی دامەزراوە گشتیەکان، کە تیایدا سنوری کارەکان فراوانتر دەبێت کە پێی دەلێن مەشروعیەتی هەلاوێردی کە دەسەلاتی کارگێڕی پیادەی دەکات کە پێشتر یاسا ڕێگەی پێنەداوە(17). چونکە باری لەناکاوو ئەحکامی عورفی بەشێکن لەو سیستەمە(18)،کەلە ئەنجامی جێبەجێ کردنیان کاریگەری خراپ دەخاتە سەر ئەوماف و ئازادیانەی کە بە یاسا ڕێکخراون وە ڕێگا بە دەسەلاتی کارگێڕی دەدات کە سنوری بنەمای یاسای ئاسایی ببەزێنێت و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەبواری دەسەڵاتی یاساداناندا بێنێتەوە ئەگەر بارە بە پەلەکەی پێویست بکات لەکاتێکدا دەسەڵاتی یاسادانان نەتوانن کۆببنەوە. هەروەها بەشێك لە زانایان(19) جیاوازی دەکەن لە نێوان باری لەناکاوو ئەحکامی عورفی، بەلام پێویستە ئەوە بزانین کە باری لەناکاو هەموو وڵات بگرێتەوە یان بەشێکی، بەشێکی فراوانە لە سیستەمی هەلاوێردی کە چەند جۆرێك لەخۆ دەگرێت وەکو:

1- حوکمی عورفی سەربازی لەحالەتی شەڕدا

17 ) بنواره : فؤاد، بو خميس،( ٢٠١٧)، تطبيقات نظرية الظروف الإستثنائية على الاعمال القانونية للإدارة، رسالة ماجستير في الحقوق، مقدم الى كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة زيان عاشور بالجلفة، ص15.

18 ) د. الشكراوي، علي هادي، و د. البديري، اسماعيل صعصاع، (٢٠١٤)، التنظيم القانوني لانظمة الإستثناء، بحث منشور في مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد (3)، السنة (6)، ص11

19 ) بنوارە: منتدى المواجيع العامه: (2011/4/16)، قانون الطواريء والأحكام العرفية- تعريفها و متى يتم تطبيقها، مقال منشور على الموقع الاليكتروني التالي، آخر زيارة للموقع في 2019/8/28

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- سیستەمی هەڵوێردی دەستوری وەکو لە مادە (16) لە دەستوری فەرەنسی سالی (1958)(20)

3- سیستەمی هەڵوێردی یاسادانان وەکو لە باری لەناکاوو سەلامەتی نیشتیمانی(21).

سیستەمی یاسایی باری لەناکاو شێوازی جێبەجێ کردنەکەی لە وڵاتێکدا بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە بەلام لە مەبەستدا یەك دەگرنەوە کە بەرەنگار بونەوەی بارودۆخی هەلاوێردیە کە هەڕەشەیە بۆ سەر نیشتیمان و گەلەکەی. لەسەر ئەو بنەمایە باسی هەریەك لە باری لەناکاو و ئەحکامی عورفی و بنەمایاساییەکانیان بە جیا دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: پێناسەی باری لەناکاو و بنەمایاساییەکەی**

**لقی یەکەم: پێناسەی باری لە ناکاو**

زانایان کۆك نین لەسەر دانانی پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ باری لەناکاو(22) لەبەر جیاوازی سیستەمی یاسایی و شێوازی جێبەجێ کردنی لە ولاتێك بۆ ولاتێکی تر ، لەسەروی ئەو ناکۆکیانەیان چەند پێناسەیەکی جیاوازی بۆ کراوە وەکو زانای ئینگلیزی (وید و فلیپس) کە دەڵێ ( بریتی یە لەو بارەی کە دەتوانێ سنوری بنەمای دەستوری ئاسایی ببەزێنێت بۆ بەرەنگاربونەوەی بارودۆخی

20 ) يقول المادة (16) من الدستورى الفرنسي لسنة 1958 على أنه "عندما تكون مؤسسات الجمهورية واستقلال الأمة وسلامة أراضيها أو تنفيذ تعهداتها الدولية مهددة بصورة خطيرة وفورية، وعندما ينقطع سير العمل المنتظم للمؤسسات العامة الدستورية، فإن رئيس الجمهورية يتخذ التدابير التي تتطلبها الظروف، وذلك بعد استشارة الوزير الأول، ورؤساء مجلسي البرلمان والمجلس الدستوري، وتوجيه خطاب للأمة لإعلامها بالأمر".

21 ) بنوارە: محفوظ، زكريا محمد عبدالحميد( ١٩٦٦)، حالة الطواريء و سلطات الضبط الإداري، ط1، منشأة المعارف بالاسكندرية، مصر، ص24-39، نقلا عن د. على هادى: المصدر السابق، ص13

22 ) رباحي، مصطفى،( ٢٠٠٥)، الصلاحيات الإستثنائية (غير العادية) لرئيس الدولة، رسالة ماجستير، جامعة منتوري، الجزائر، ص11

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵاوێردی(23)، بەڵام زانایانی ئەمریکی (ئیدوارد و کۆڕوین) دەڵێن (بارێکی ئامادەکراوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی بارودۆخێکی ناجێگیر و دوبارەنەبوو وە نەتوانرێ ئەو دەسەڵاتەی یاسای ئاسایی ڕایسپاردووە ڕوبەڕوی بێتەوە(24).

هەرچی زانای فەرەنسی دراگۆیە دەلێ (ئەو بارودۆخە هەلاوێردیە دیاریکراوەیە کە پێشتر بە یاسا ڕێکخراوە، کە لەکاتی ئەو پێشهاتە ڕێکخستنی کارگێڕی ڕێگە پێ دەدات کە ڕێوشوێنی شازی دیاریکراو بگیرێتەبەر بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو بارودۆخە، لەو حالەتەدا ملکەچی چاودێری دادگا دەبێت(25).

لەبەر ئەوەی باری لەناکاو پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، پێناسەکان بەپێی بارودۆخی سیاسی و هەلومەرجی وڵاتان جیاوازیان هەیە. لێرەدا چەند پێناسەیەکی تری باری لەناکاو دەکەین بەپێی بۆچونی یاساو زانایانی یاسای گشتی و دادگاکان بەم شێوەی خوارەوە:

1. پێناسەی یاسایی: ئەگەر بمانەوەێ پێناسەی باری لەناکاو لەلایەنی یاساییەوە بکەین، دەبینین زۆربەی یاساکان پێناسەیان کردوە، وەکو: یاسادانەری فەرەنسی لە یاسای دەرچو لە ١٩٤٩/٨/٩ دا( باری لەناکاو گیرۆدەبونی وڵات بەمەترسیەکی ترسناک لە ئەنجامی شەڕی بێگانە یان شۆڕشی چەکداری)(26). هەرچی فەرمانی پارێزگاریکردن لە سەلامەتی نیشتمانی عیراقی ژمارە (١ ی ساڵی ٢٠٠٤)ە پێناسەی باری لەناکاوی بەم شێوەیە کردوە: ( ئەو بارودۆخەیە کە گەلی عیراق ڕوبەڕوی مەترسیەکی گەورە دەبێتەوە کە هەڕەشە لە ژیانی تاکەکان بکات و لە ئەنجامی هێرشی بەردەوامی

23) Edward & Phillips,(1977),-constitutional and Administrative Law- 9th ed, p. 506

وەرگیراوە لە : د. علي هادي، و صعصاع إسماعيل: مصدر سابق، ص 13

24) Edward & corwin (1940), president office and powers – p. 1

وەرگیراوە لە : د. علي، هادي، و صعصاع، إسماعيل، المصدر السابق، ص14

25) Drago-L, e”tat d”( 1955(, urgence et les liberates publiqes – R.D.P – P.57

وەرگیراوە لە : د. علي، هادي، و صعصاع إسماعيل، المصدر السابق، ص14

26 ) م1 من قانون الطوارئ الفرنسي الصادر في 9 أب 1949.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تۆقاندن لەلایەن کەسانێک بۆ ڕێگریکردن لە دروستبونی حکومەت بێتە کایەوە، یان پەکخستنی بەشداری سیاسی دروستی عیراقیەکان یان مەبەستی تر)(27).

2. پێناسەی زانایانی بواری یاسای گشتی: زانایانی بواری یاسای گشتی پێناسەی جۆراوجۆریان هەیە بۆ باری لەناکاو وەکو زانای فەرەنسی ( ئەندریە دولوبادیر) دەڵێ ( ئەو بارەیە کە توانای دەسەڵاتی شارستانی دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی سەربازی بە شێوەیەک کە بتوانێ ڕوبەڕوی بارودۆخە هەنوکەییەکە ببێتەوە)(28). بەڵام دکتۆر (طعیمة الجرف) پێناسەیەکی تری جیاوازی کردوە، کە (باری لەناکاو بارودۆخێکە تیایدا سنوری دەسەڵاتی دەستەی جێبەجێکردن زۆر فراوانتر دەبێت وەک لەبارودۆخی ئاساییدا، ئەمەش لەبەر ئەو مەترسیەی هەڕەشە لە تەندروستی و ئاسایشی نیشتمان دەکات)(29).

3. پێناسەی دادوەری: دوای خستنەڕوی پێناسەی یاساناسان و زانایانی بواری یاسای گشتی، پێناسەی دادوەرانیش هەیە بۆ باری لەناکاو، وەکو لە دادگای تەمیزی عیراقی پێناسەی باری لەناکاوی لە بڕیاری ژمارە (٩٤٨/ح/١٩٦٦) لە ١٩٦٥/٩/٥ بەم شێوەیە کردوە: ( ..... ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی گشتی لە شلەژانی ناوخۆیی دەگیرێتەبەر(30).

27 ) م1 من أمر الدفاع عن السلامة الوطنية في (1) لسنة 2004.

28) Andre delaubarderi,(1976), droit administratife, p229

وەرگیراوە لە : د. هادی هلی و اسماعیل صعصاع: المصدر السابق، ص١٥.

29 ) الجرف، د. طعيمة، (١٩٨٤)، مبدأ المشروعية ورقابة القضاء لاعمال الادارة العامة، قضاء الالغاء، دار النهضة العربية، القاهرة، ص26.

30 ) ئاماژە بەو بڕیارە کراوە لەلایەن: د. محمد، نعم احمد، و عبدالله دولت احمد،( ٢٠٠٥)، التنظيم القانوني لحالة الطوارئ في العراق، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد 12، العدد 4، ص 237.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لقی دووەم: ئەو بنەما یاساییانەی کە باری لەناکاو پشتی پێ بەستوە

باری لەناکاو بەشێکە لە بارودۆخی هەڵاوێردی لە فقهی یاساییدا رێگەی داوە بە یاسای لەناکاو کە لەماوەیەکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراو کارا بکرێ، وە دەسەڵاتی داوە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن رێوشوێنی بە پەلە بگرێتەبەر بۆبەرەنگاربونەوەی ئەو مەترسیانەی هەرەشە لە بوونی وڵات و کۆمەڵگاکەی دەکەن، بەڵام یاساناسان ڕای جیاوازیان هەیە(31)، بۆ دیاریکردنی سروشتی یاسایی، هەندێکیان دەڵێن بیردۆزێکی یاساییە لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەوڵەت(حکومەت) بۆ خۆی یاسای داهێناوە و ملکەچی دەبێ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، بۆیە ملکەچی یاسایەک نابێت کەمەترسی هەبێت و بەرژەوەندیەکان تێک بدات بالە دەستور و یاساش رێگەی پێ نەدرابێ لەوکاتەدا رێو شوێنی یاسایی دەگرێتە بەر بالە دەستورو یاسای ئاساییدا نەهاتبێ.

هەندێکی تر دەڵێن بیردۆزێکی سیاسی و واقعییە واتا نە بوونی لەیاسادا هەیە و نە بنەمای یاسایی هەیە، بەلکو واقع سەپاندویەتی و ئەو ڕێککارانەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەیگرنەبەر ملکەچی مەشروعیەتی یاسایی نابن، چونکە ناچاری وباری لە ناکاو نەسەرچاوەی یاسان و نە دەتوانن یاسای دانراو هەڵوەشێننەوە، لەبەر ئەوە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناچار دەبێ پێچەوانەی یاسا بێت و پەنا بۆ دەسەڵاتی یاسادانان دەبات کە بیبەخشێ لەبەرپرسیاریەتی، وە دەسەڵاتی دادگاش تەماشای بارە نەخوازراوو لەناکاوەکە دەکات کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ناچار کردوە لە بنەما یاساییەکان دەربچێت و وە تاچەند پابەند بووە بە مەرج و کۆتەکانی کە یاسا لەوبارودۆخە دیاریکردووە(32).

لە عیراقدا لەدەستورە یەک لەدواییەکان یەک ڕێچکەی نەگرتوە، جارێک ڕێگەی بە سەرۆکی کۆمار داوەو جارێکی تر ڕێگەی بەسەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران داوە وەکو لە ( م١٢٠) لە دەستوری بنەڕەتی

31 ) جمال الدين، سامى ،( ١٩٨٢)، لوائح الضرورة و ضمانات الرقابة القضائية، منشأة المعارف، الاسكندرية،ص18.
32 ) فتحي، سرور، احمد، ( 2002)،القانوني الجنائي الدستوري، دار الشروق، القاهرة،ص588.

ساڵی١٩٢٥ (33) دا ڕێگەی بە مەلیک داوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران. هەرچی دەستوری ٢١/ ئەیلولی ساڵی ١٩٦٨ ە ڕێگەی بەسەرۆکی کۆمار داوە بۆ جاڕدانی باری لەناکاو(34) ، کەچی لە دەستوری ساڵی ١٩٧٠ دا ئەنجومەنی وەزیرانی تایبەتمەند کردووە بە ڕاگەیاندنی باری لەناکاو(35)، بەڵام یاسای کارگێڕی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤ هیچ ئاماژەیەکی نەکردووەو بێ ئاگا بووە لەو بارەوە. لەدەستوری ٢٠٠٥ی هەمیشەیی ڕێگەی بەئەنجومەنی نوێنەران داوە ڕەزامەندی بدات لەسەر ڕاگەیاندنی باری لەناکاو لەسەر داوای هاوبەشی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ماوەکەشی بە (٣٠) ڕۆژ دیاریکردووە. بەڵام حالەتەکانی دیاری نەکردووەن هەروەها ماوەی درێژکردنەوەی ئەو بارە لەناکاوەی دیارینەکردوە هەرچی دەستوری کاتی هەرێمی کوردستانی ٢٠٠٩ یە لە مادەی ١٠٤ لە برگەی دەیەم دا دەسەلاتی داوە بەسەرۆکی هەرێم کە جاڕی باری لە ناکاو بدات وە ماوەکەی ٣٠ڕۆژە. باری لەناکاو کارپێکردنی راستەوخۆی بارودۆخی هەڵاوێردیە لە روی گونجاندنی یاساییەوە کە بەیاسای لەناکاو کە ئەو یاسایە رێچکەی خۆی دەگرێ وەکو هەموو یاسایەکی تر. بەلام بەندە بە مەرسومێکی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی کە تیایدا ماف و ئازادی تاکەکانی سنوردار دەکات(36).

## دووەم: پێناسەی ئەحکامی عورفی و بنەما یاساییەکەی کە پشتی پێ بەستوە

### لقی یەکەم: پێناسەی ئەحکامی عورفی

33 ) ماددەی ١٢٠ لە دەستوری بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥ ی عیراقدا.
34 ) بڕگەی (ز) لە ماددەی ٦١ ی دەستوری ساڵی ١٩٧٠.
35 ) بەندی (أ)، بڕگەی (٩) ، ماددەی ٦١ لە دەستوری کۆماری عیراق ٢٠٠٥.
36 ) کوفلی، عبدله جعفر ،( ٢٠١٥/١١/٣٠)،حالة الطواريء ضرورة آنيه وقانونية لاقليم كوردستان، مقال منشور علي الموقع الإليكروني: gulan-media.com،تأريخ زيارة الموقع في 2019/8/20

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەندە هەندێك لە زانایان وای دەبینن کە جیاوازی نیە لە نێوان باری لەناکاو و حوکمی عورفی37، تەنها ئەوەندە نەبێت کە باری لەناکاو بارێکی سیاسی و شکلی و گریمانەییە ، هەرچی حوکمی عورفیە بارێکی لەناکاوی فیعلی و سەربازی و حەقیقی یە وە جێبەجێکردنە بۆ باری لەناکاو لەلایەن سیستەمی سەربازییەوە کە دەسەلاتی سەربازی جلەوی حوکم دەگرێتە دەست وە پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆی بە زەبری هێزی چەکداری دەکات، ئەو حالەتەش تەنها لە بەرەکانی کوشتن و ناوچەکانی جەنگدا دەسەپێندرێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەرەوە چەند پێناسەیەکی تایبەت بە حوکمی عورفی کراوە بەم شێوەیە:

زانای فەرەنسی (M.Jean Joudandet) پێناسەی حوکمی عورفی سەربازی کردووە ( ئەو بارەیە کە تەعبیر لە شوێنێکی دەورەدراو دەکات، یان تەعبیر لە ناوچەیەك یان شوێنێك دەکات لەکاتی جەنگدا وەکو ئەو مەترسیە ناوخۆییانەی هەڕەشەن بۆ سەر وڵات)(38).

بەلام یاسای بنەڕەتی عوسمانی ساڵی (1908)ی هەلوەشاوە پێناسەی کردووە لە مادە (13) کە ( پوچەڵ کردنەوەی یاساو سیستەمی پاشایەتی یە بەشێوەیەکی کاتی، بەجۆرێك کارگێڕی شوێنە دیاریکراوەکان لەژێر کارگێڕی عورفی دەبێت)(39).

لەهەردوو پێناسەی باری لەناکاوو ئەحکامی عورفی بۆمان بەدیار دەکەوێت کە (باری لەناکاو ڕێ و شوێنێکی سیاسی و یاساییە بۆ ئەو بارە ناهەموارەی کە ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە) وە ئەحکامی

37 ) بنواڕە: الشكربي، علي يوسف،(٢٠١٢)، الوسيط في الأنظمة السياسية، ط1، دار صفاء، عمان، ص14
38 ) بنواڕە: الوكيل، د. محمد،( ٢٠٠٣)، حالة الطوارئ وسلطات الضبط الاداري دراسة مقارنة، ط2، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر، ص138.
39 ) القانون الأساسي العثماني الملغي لسنة 1908.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عورفی (تەنها جێبەجێ کردنی باری لەناکاوە بەڕێگای سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیەی کە هەڕەشە لە گەل و نیشتیمان دەکات).

## لقی دووەم: بنەمای یاسایی ئەحکامی عورفی

جارِدانی ئەحکامی عورفی سنوردار کردنی ئازادییە گشتیەکانی لێ دەکەوێتەوە ، دەبێتە هۆی لەکار خستنی ئەو گرێنتیانەی کە دەستور بۆ پارێزگاری کردن لە ئازادیەکان دەقی لەسەر کردووە، بەوەی کە دەسەڵاتی سەربازی لەو بارودۆخە لەناکاوانەدا جێگای دەسەڵاتی شارستانی دەگرێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کارو بارو ژیانی هاوڵاتیان، بۆیە ئەو ڕێکارە هەروا بە ئاسانی ڕێگا بە پەیڕەو کردنی نەدراوە بەلکو پاڵپشت بە چەندین بنەمای یاسایی بەرتەسك کراوە لە پەیماننامە نێو دەولەتیەکان هەروەها لە دەستورو یاسا نێوخۆییەکانی ولاتان، لێرەدا بەکورتی تیشك دەخەینە سەر هەندێکیان:

1. پەیماننامەی نێو دەولەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکانی سالی (1966): لەم پەیماننامەدا زۆر بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو بارانەی کە دێنە پێشەوەو مەترسین لەسەر ژیان و ئاسایشی هاولاتیان ولاتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە دەتوانن هەندێ ڕێ و شوێن بگرنەبەر کە دەرچونە لەو مافانەی کە هاتووە ئەمەش بەمەرجێك لەسنورێکی زۆر بەرتەسك بێت(40)، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کەوا سەپاندنی ئەو بارانە هەرچۆنێك بێت نابێت ببێتە هۆی ئەشکەنجەدان و بێبەش کردنی هاولاتیان لە مافی ژیان(41).
2. لە دەستور : ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەستورەکانی عیراق دەبینین ڕێگای بە سەپاندنی حوکمی عورفی و باری لەناکاو داوە بۆ نمونە لە دەستوری کاتی 29ی نیسانی 1964 ی هەڵوەشاوە دەلی: " ئەحکامی عورفی و باری لەناکاو لە تایبەتمەندی سەرۆك کۆمارە لەدوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی

---

40 ) مادە (4) لە پەیماننامەی نێو دەولەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان سالی (1966)
41 ) بنوارە: مادەکانی (6 و 7 ) لە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش(42). لە دەستوری هەمیشەیی عیراق بۆ ساڵی (2005) لە مادە (61/9/أ) باسی ئەوە دەکات کە بۆ سەرۆك کۆمار هەیە داوای جاڕدانی باری لەناکاو و شەڕ بکات بە هاوبەشی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە دوای بەدەست هێنانی ڕەزامەندی 3/2ی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی(43)، هەروەها نابێت لە 60 ڕۆژ زیاتر بێت وە لە هەر درێژکردنەوەیەك بۆ ماوەی 30 ڕۆژ و دەبێت ڕەزامەندی لەسەر بدرێت(44).

3. لە یاسادا: فەرمانی پارێزگاری لە سەلامەتی نیشتیمانی لە مادە (1) دا ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆ سەرۆك کۆمار هەیە لە دوای ڕەزامەندی تەواوی دەستەی سەرۆکایەتی جاڕدانی باری لەناکاو بکات لە هەر شوێنێکی عیراق لەو کاتەی کە گەل ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە(45).

## تویژبەندی دووەم

## دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی عیراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە

ئەو توێژبەندە دابەش دەکەین بۆ سێ خواست، لە خواستی یەکەم باسی دەسەڵاتی دادگای کارگێری لەسەر ئەو جۆرە بڕیارانە دەکەین لە عیراقدا لەسایەی سیستەمی یەک دادگایی، و خواستی دووەم تەرخان دەکەین بۆ قسەکردن لەسەر دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی لە عیراق لە سایەی سیستەمی دوو دادگایی هەرچی خواستی سێیەمە تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی دادگای کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان بەسەر

42 ) مادە (48) لە دەستوری کاتی 29 نیسانی سالی 1964
43 ) مادە 61 بڕگەی 9/I لە دەستوری کۆماری عیراق بۆ سالی 2005
44 ) مادە 61 بڕگەی 9/ ب،ج لە دەستوری کۆماری عیراق سالی 2005
45 ) بنوارە: مادە (1) من أمر الدفاع عن السلامة الوطنية المنشور في جريدة الوقائع العراقية العدد 3987 الصادرة في 2004

ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە. بۆ ئەوەی بزانین تاچەند دادگای کارگێڕی کاریگەری هەیە لە سەر ئەو جۆرە بڕیارانە. بەم شێوەی خوارەوە:

## خواستی یەکەم

## دەسەڵاتی دادگاکانی عیراقی لەسەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لەسایەی سیستەمی یەک دادگاییدا

لە دەستورە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عیراقی دا یاسادانەر ڕێگەی داوە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە دەرکردنی بڕیاری لەم شێوەیە وەکو لە ماددەی (٢٦) ی دەستورداهاتووە(46) . هەروەها لەمادەی (٢٧) ی دەستوری عیراقی دا هاتوە ( ئەو بڕیارو فەرمان و بیان ومەرسومانەی لە سەرکردەی هێزە چەکدارەکان یان لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان ئەنجومەنی سەروەری لە ماوەی ١٤ی تەمموز ١٩٥٨ تا دەرچونی ئەو دەستورە هێزی یاسایان هەیە.......)(47).

واباشتربوو کە بە دەقی دەستوری یاسادانەر ڕێپێدانی تەشریعی (التفويض التشريعي)(48) بدات بە دەسەڵاتی حوکم(49)، وە هەماهەنگی هەبوایە لە نێوانیان بۆ ئەوەی بە شێوەیەک بەرەنگاری ئەو هەموو کێشانە ببێتەوە کە ڕوبەڕوی وڵات دەبنەوە و نەبنە جێگەی ڕەخنەی هاوڵاتیان، لە هەمان کاتدا

46 ) یاسای بنەڕەتی عیراقی ساڵی ١٩٢٥.

47 ) دەستوری کاتی عیراقی ساڵی ١٩٥٨.

48 ) ڕێپێدانی تەشریعی بریتیە لە: پێدانی دەسەڵات لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان "بەشێک لە دەسەڵاتی خۆی کە بەپێی دەستور بۆی دیاریکراوە" پاڵپشت بە دەقێکی ئاشکرا لە دەستور یان بە پێی عورفی دەستوری بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە بوارێکی دیاریکراو و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو) بنواڕە : عطار، د. فؤاد( ١٩٧٤)، مبادئ علم الادارة العامة، دار النهضة العربية، القاهرة، ص 165.

49 ) د.. بدر ، احمد سلامة ( ٢٠٠٣)،الاختصاص التشريعي لرئيس الدولة في النظام البرلماني ،دار النهضة العربية ،القاهرة،ص277.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتی کەمتری پێویست دەبوو بۆ ئەنجامدان و دورخستنەوەی ئەو جۆرە مەترسیانەی کە ڕوبەڕوی وڵات بووەوە لە سەردەمی حوکمەکانی پێشوتر و ئێستا وە سنوری دەسەڵاتی حوکم و کاتەکەی دیاری بکردایە بەمەرجێک سنوری ماف و ئازادی تاکەکانی نەبەزانبایەو ڕوبەڕوی لێپرسینەوە بوایە لە کاتی زیان گەیاندن بە هاوڵاتیان چونکە ڕێپێدانی دەستوری مانا سنور بەزاندنی ماف و ئازادی تاکەکان نیە(50)، بەڵام لە دەستورە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق بە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ یشەوە هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆی تێدا نیە، بۆیە دەسەڵاتی حوکم پەنای بۆ ئەم جۆرە بڕیارانە بردوە و نەهامەتیەکانی هاوڵاتیانی عیراقی زیادکردوە لە جیاتی چارەسەرکردنیان. هەرچەندە ڕێپێدانی دەستوریش دەسەڵاتی حوکمی دەست کراوەو ئەستور دەکرد.

بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانیە(ئەو مادده دەستورییە بۆتە پەرژین و پارێزەر)(51)، هەرچەندە دەستور ئاماژەی بەوە کردوە کە هەموو ئەو دەربڕین و بەناو یاسا و بڕیار و مەڕاسیمانەی لە سەرۆکی کۆماری عیراقی ئەو کات دەردەچێت بە مەرجێک لە ناوەڕۆکدا پێچەوانەی مادەی دەستوری نەبێت. کەواتە سنوری بۆ دەرکردنی بڕیارانە داناوە کە هێزی یاسایان هەیە ئینجا ئەو سنور دانانە بە هێز بێ یان لاواز.

بەڵام لە دەستورە کاتیەکانی ١٩٥٨ و ١٩٦٨ و ١٩٧٠ بەدواوە بە ئاشکرا دەسەڵات دەداتە سەرۆکی کۆمار بۆ ئەو جۆرە بڕیارانە...... ، وەکو لە ماددەی (٤٨) دەستوری کاتی ساڵی ١٩٥٨ هاتوە( سەرۆکی کۆمار بۆی هەیە جاڕی باری لەناکاو ڕابگەیەنێت دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران. هەروەها لە ماددەی (٥١) هەمان دەستور دا هاتوە( سەرۆکی کۆمار بۆی هەیە لە حالەتی مەترسی گشتی یان مەزەندی ڕودانی مەترسی کە سەلامەتی و ئاسایشی نیشتمان بخاتە مەترسییەوە بڕیارگەلێک دەربکات کە هێزی یاسایان

50 ) بنوارە: شیر، د. رافع خضر صالح ،و زيد، هند كامل عبد،( ٢٠١٣)، الاعمال التشريعية للسلطة التنفيذية في وجود برلمان، بحث منشور في مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الاول، ص١٢٠ وما بعدها.

51 ) ماددەی ٢٧ لە دەستوری کاتی عیراق بۆساڵی ١٩٥٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەبێت بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە بون وسەلامەتی و ئاسایشی کۆماری عیراق دوای ڕەزامەندی وەرگرتنی ئەنجومەنی وەزیران)(52). وە لە دەستوری هەمواركراوی ساڵی ١٩٧٠ دا (٤) مادە بە ڕاشكاوی دەسەڵات دەدات بەسەرۆكی كۆمار بۆ دەركردنی ئەو بڕیارانەی كە هێزی یاسایان هەیە، وەكو لە مادەی(٩٩ بڕگەی أ) دا هاتوە:( لەكاتی دروستبونی مەترسی كە ئاسایشی وڵات یان سەربەخۆیی یان سەلامەتی یان یەكپارچەیی تێكبدات، سەرۆكی كۆمار بۆی هەیە لەماوەیەک لە (٦) شەش مانگ تێپەڕ نەكات ئەو مەترسیە هەڵگرێت. بەدەركردنی فەرمان یان ئەو بڕیارانەی كە هێزی یاسایان هەیە.....). وە لە مادەی (١٠٠) دا هاتوە: ( ئەگەر شتێک ڕوویدا جگە لەوەی لەمادەی ٩٩ دا هاتوە و پێویستی بەوەرگرتنی هەڵوێستی خێرا هەبوو، سەرۆكی كۆمار بۆی هەیە ئەو جۆرە بڕیارانە دەربكات كە هێزی یاسایان هەیە و لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا بیخاتە بەردەستی ئەنجومەنی شورا....). هەرچی مادەی (١٠٢)ە تیایدا هاتوە:( لەبەر هۆكارگەلێک كە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتی، یان هۆكاری مرۆڤایەتی، یان بەدەستهێنانی ڕەوایەتی و دادپەروەری، یان بۆ چارەسەری ئەو حالەتانەی كە یاساو ڕێنماییەكان نەیتوانیوە چارەسەریان بكات، بۆ پێدانی پاداشت بە داهێنەران لەوانەی كە خزمەتی باش پێشكەش دەكەن كە: یەكەم دەركردنی بڕیارگەلێک كە كارپێبكرێت شانبەشانی یاساو ڕێنماییە بەركارەكان....)، هەرچی مادەی (١١٩بڕگەی أ) تیایدا هاتوە: ( ئەگەر ئەنجومەنی شورا بەهەرهۆكارێک ئامادە نەبوو وە ئەنجومەنی نوێنەران كاتی دانیشتنیان نەبوو، سەرۆكی كۆمار بۆی هەیە مەرسوم بەیاسا دەربكات و لە دواییدا بیخاتە بەردەستی ئەنجومەنی شورا) (53).

لە هەموو ئەو ماددانەی سەرەوە بۆمان بەدیاردەكەوێت كە هەموو دەسەڵات لە دەستی سەرۆكی كۆمار بووە، كە بۆی هەیە بڕیارگەلێک دەربكات كە هێزی یاسایان هەبێت بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران وەكو لە ماددەكانی (٤٨،٥١) دەرستوری كاتی ساڵی ١٩٥٨، وە لە بارودۆخی نائاسایی وەكو لە

52 ) م/ ٥١ لە دەستوری كاتی ساڵی ١٩٥٨ی عیراق.

53 ) (مادەكانی ٩٩ أ،١٠٢،١٠٠، ١١٩ أ) لە دەستوری كاتی عیراق بۆ ساڵی ١٩٧٠ی هەمواركراو لە ١٩٩٣/١/٢٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مادەی(٩٩) دا باسکراوە، وە لەبارودۆخی ئاسایی وەکو لە مادەی(١٠٢) باسکراوە، وە لەکاتی زۆر پێویست وەکو لە ماددەی(١٠٠) دا ئاماژەی پێکراوە، وە ئامادە نەبوونی پەرلەمان وەکو لە ماددەی ( ١١٩) دا هاتووە. سەرۆکی کۆمار سنوری دەسەڵاتی زۆر فراوانتر بووە لە دەسەڵانی ئەنجومەنی نوێنەران( پەرلەمان).

لە ڕوی چاودێری بەسەر ئەو جۆرە بڕیارانەوە، ئەوا دادگای باڵای عیراقی ڕاسپێردراوە بە چاودێریکردن بەسەر دەستوریەتی یاساو بڕیارەکان، بەڵام بە درێژایی تەمەنی یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥ هیچ تانەیەک نەگیراوە لەو مەرسومانەی کە دەرچون، ئەمەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە جوڵاندنی داوا بۆ دادگای باڵای عیراقی لەبەرامبەر ئەو یاساو مەرسومانە تەنها بەڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بووە کە ئەمەش لە ڕووی پیادەکردنەوە ئەستەمە وەکو لە دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٤ دا هاتوە( ....... هەموو ئەو یاسایانەی هەیە کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو بڕیار و فەرمان و مەرسوم و بەیاننامانە هەڵدەوەشێتەوە، وە نابێ ئەو جۆرە بڕیارانە نە هەڵبوەشێنەوە یان هەموار بکرێنەوە مەگەر بەو ڕێگەی کە دەستور دیاریکردوە)(54)، چۆن دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ڕەزامەند دەبێت تانە لە بڕیار و مەرسومەکانی کە خۆی دەریان دەکات بدرێت. بۆیە ئێمە وای دەبینین کە هیچ جۆرە چاودێریەک لەلایەن دادگاکانەوە بە دادگای دەستوری وئاساییەوە نەبوە بەسەر ئەو جۆرە بڕیارانەوە.

سەرەڕای ئەمانە دامەزراوەیەک لە عیراق بەناوی (دیوانی نوسینەوەی یاسایی)(55)، کە لایەنێکی ڕاوێژکاریە هەوڵێکی بێهودەی دا بۆ سنوردارکردنی ئەو جۆرە مەرسومانەی کە هێزی یاسایان هەیە و

54 ) ماددەی ٩٨ لە دەستوری کاتی عیراقی ساڵی ١٩٦٤

55 ) ئەم دیوانی نوسینەوەی یاسایی بە یاسای ژمارە ( ٤٩) لە ڕێکەوتی ١٩٣٣/٧/١١ پێکهاتوە، وە لە ١٩٣٣/٨/٣ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە مەبەست لە پێکهێنانی دوو ئامانجی سەرەکی بوو:

أ. ووردبینی کردنی ڕەشنوس و بەڵگە یاسایی پێشکەشکراو لەلایەن دامەزراوەیەکی تایبەتمەندەوە، وە دەربرینی ڕای خۆی لە بنەمای یاسایی وە بۆ ئەوەی پێچەوانەی یاسای بنەڕەتی و یاساکانی تر نەبێت، پێش ئەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی بکات، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران دڵنیابێت لە هەڵەو کەموکووڕیەکانی ، وە لە ڕووی داڕشتنەوە کەموکورتی نیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێچەوانەی بنەما دەستوریەکانن، بەڵام حکومەتی ئەوکات سوربوو لەسەر بۆچونی خۆی دژایەتیکردنی ئەو دیوانە ڕاوێژکاریە ئەگەر بەرژەوەندی لە دەرکردنی ئەو جۆرە مەرسومانە هەبوایە.

بۆ نمونە: کاتێک وەزارەتی دارایی بەنوسراوی ژمارە (٨٣٠) لە ڕێکەوتی ١٩٥٠/٨/١٠ داوای دەرکردنی مەرسومێک بۆ لێخۆشبون لەسودی قەرزی باجی داهات کرد، دیوانی نوسینەوەی یاسایی ڕای خۆی لەباری ئەو نوسراوە بەم شێوەیە دەبڕی و ووتی: ( لە بڕگەی ٣ لە ماددەی ٢٦ لەیاسای بنەڕەتیدا هاتوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: ئەگەر لەکاتی پشوی ئەنجومەنی نوێنەران پێویست بوو کە ڕێوشوێنێکی بەپەلەی پێویست بگیرێتەیەر بۆ پارێزگاریکردن لە نیزامی گشتی و ئاسایشی گشتی یان دوورخستنەوەی مەترسیەکی گشتی یان خەرجکردنی بڕێک پارەی بەپەلە.....)(56). پێویستە مەرسوم لەبارەیەوە دەربچێت. بەڵام کاتێک دیوان هاتە دەنگ و ووتی بابەتی ئەو مەرسومەی سەرەوە بۆ لێخۆشبون لەسودی قەرزی باجی داهات هیچ پەیوەندییەکی بە دەقی ئەو ماددەیەوە نیە و نابێ مەرسوم لەم بارەوە دەربچێت بەلکو پێویستە بەیاسا بێت. وە نابێ یاسا پشت بە مەرسوم ببەستێت، بەلکو پێویستە مەرسوم پاڵپشت (بەیاسای بنەڕەتی)(57) دەربچێت.(58).

وەزیری داد کاتێک بینی ڕای دیوان هاوڕای ئەو نیە و لەگەڵ ئارەزوەکانی خۆی ناگونجێت، لەوەڵامدا ووتی: (من لایەنگری ئەو ڕایە دەکەم کە لەهاوپێچ ئەم نوسراوەی کە من واژوم لەسەر کردووە و

ب. دەربڕینی ڕاو مەشورەت کردن لەسەر ئەو خاڵە یاساییانەی کە وەزارەتەکان ڕایان لەبارەوە وەردەگرن.
بنوارە: الايوبي، د. عبدالرحمن نورجان،( ١٩٦٥)، القضاء العراقي في العراق حاضره ومستقبله ( دراسة مقارنة)، دار ومطابع الشعب، ص270.
56 ) یاسای بنەڕەتی عیراقی ساڵی ١٩٢٥.
57 ) مەبەست لەیاسای بنەڕەتی دەستوری ساڵی ١٩٢٥ عیراقیە کە ئەوکات پێی وتراوە یاسای بنەڕەتی.
58 ) الايوبي، عبدالرحمن نورجان،( ١٩٦٥، القضاء الاداري في العراق حاضره ومستقبله ( دراسة مقارنة) دار ومطابع الشعب،ص270.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە بەم شێوەیەش بنوسرێت) وەزیری داد بێ پرسیارکردن و گەڕانەوە بۆ ڕای دیوان یەکسەر ڕەزامەندی لەسەر داواکاریەکەی خۆی دەربڕی وبۆ دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی نارد (59).

لەم نمونەی سەرەوە بۆمان بەدیاردەکەوێت کە هەموو ئەو بڕیارو مەرسومانەی هێزی یاسایان هەیە پاڵپشت بە ماددەی (٢٦) یاسای بنەڕەتی کە ڕێگەی پێداوە دەرچووە. ئەمەش بە چەکێکی مەترسیداری ئەوکات بەدەست دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دادەنرێت و هیچ چاودێریەکی لەسەر نەبووە، هەرچەندە ئەوکات تەنها چاودێری ئەنجومەنی گەل هەبووە بەڵام ئەوەندە بێ دەسەڵات بووە بە نەبوو هەژمار دەکرا.

بەڵام هەرچی بڕیارو مەرسومێک کە پەیوەست بێت بە حوکمی عورفی یان باری نائاساییەوە بێت بەلای دادگاکانی عیراقییەوە بە جێبەجێکردنی بیردۆزی بارودۆخی نائاسایی (نظرية الظروف الاستثنائية)(60). کە دادگای ئاسایی هەموو ئەو جۆرە بڕیارو مەرسومانەی کە لەم بارودرخانە دەردەچوو بە کارسالاری(أعمال السيادة) ی هەژمارکردووە. وەکو ئەوەی دادگای تەمیز لە ١٩٦٦/٥/٩ پێناسەی کارسالاری کردووە بەوەی کە (کارسالاری بەپێی ئەوەی زاناکان ودادگاکان پەیڕەوی کردووە، ئەو جۆرە کارانەیە کە لە حکومەتەوە دەردەچێت بەو پێیەی دەسەڵاتی حوکمکردنە نەک دەسەڵاتی کارگێری، بەپێی ئەو دەسەڵاتە باڵایە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی بەدەسەڵاتەکانی ناوخۆ، یان دەرەوە، یان واپێویست دەکات بۆ پارێزگاریکردن لە قەوارەی دەوڵەت لە ناوەوەو پارێزگاریکردن لەسەروەری لەدەرەوەدا، و وەرگرتنی ڕێوشوێن لە چوارچێوەی ناوەوە یان دەرەوە کە بۆ ڕێکخسینی پەیوەندییەکانی حکومەتە لەگەڵ دەسەڵاتە گشتیەکاندا، یان بۆ دوورخستنەوەی شەرو بەڵای دەرەوەو

59 ) الايوبي د. عبدالرحمن نورجان: المصدر نفسه، الصفحة نفسها.

60 ) د. خماس، فاروق احمد،( ١٩٨٨)، الرقابة على اعمال الادارة، دار الكتب للطباعة والنشر، كلية القانون، جامعة موصل، ص50.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەوەیە لە وڵات، یان پەیوەندی بە رێکخستنی کاری حکومەت بە ئەنجومەنی نیشتمانی یان ئەنجومەنی باڵای سوپا بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی گشتی لە شلەژانی ناوخۆ بەبڕیاردان لە حوکمی عورفی یان جاڕدانی باری نائاسایی)(61). لەم پێناسەی کارسالاری کە دادگا کردوویەتی بەدیاردەکەوێت کە دادگا بیردۆزی کارسالاری( نظرية أعمال السيادة) تێکەڵ بە بیردۆزی بارودۆخی نائاسایی( نظرية الظروف الاستثنائية) کردووە. کە لەبنەڕەتدا جیاوازن بەپێی ئەو بنەمایانەی کە پشتی پێدەبەستن(62). ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر ئەم ڕێوشوێنانەی کە گیراوەتەبەر بۆ حوکمی عورفی و باری نائاسایی لەلایەن دادگاوە دودڵی و دڵەڕاوکێی پێوە دیارە و ئەم جارە دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێت، وەکو ئەوەی لە بڕیاری دەرچو لە ١٩٥٧/٣/١٨ بە پوچەڵکردنەوەی بڕیاری دادگای بەرایی و ڕەتکردنەوەی داوایەکە بەو بیانوەی کە لە پسپۆڕی ئەو دادگایە نیە، ئەمەش کاتێک یەکێک لە پارێزەران داوایەکی بەرز کردەوە لەبەرئەوەی دەسەڵاتی نائاسایی قەدەغەیکردوە لە گەشتکردن بۆ ئامادەبون لە کۆنگرەی پارێزەران لە قاهیرە. کە لە بڕیاری دادگای تەمیزدا هاتوە: ( ..... دادگای بەرایی هۆکاری قەدەغەکردنەکەی دیاری نەکردوە) ئەوە لە کاتێکدایە دادگا دەسەڵاتی هەیە لەسەر جێبەجێکردنی یاسا بەشێوەیەک کە بۆ بەکارهێنانی ماف پێچەوانەو زێدەڕۆیی نەبێت وە دیاریکردوە کە دادگای بەرایی هۆکارەکانی قەدەغەکردنی گەشتی دیارینەکردوە، بۆیە بڕیارەکە پوچەڵکرایەوە چونکە(63) ڕەتکردنەوەی داوایەکە پێچەوانەی یاسایە.

---

61 ) الجبوري، د. ماهر صالح علاوي،( ١٩٩١)، القرار الاداري، دار الحكمة للطباعة والنشر، ص172.
62 ) داير، د. عبدالفتاح ساير ،( ١٩٥٥)،نظرية اعمال السيادة، دراسة مقارنة في القانونين المصري والفرنسي، مطبعة جامعة القاهرة، ص134 و مابعدها.
63 ) بیردۆزی کارسالاری بەم خاڵانەی خوارەوە لە بیردۆزی باری نائاسایی جیادەکرێتەوە:
أ- لە ڕووی چاودێری دادگاوە: بەپێی بیردۆزی کارسالاری دادگا قەدەغە دەکرێت لە چاودێری بەسەر ئەو کارانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی کارەکانی کارسالارییەوە. هەرچی بیردۆزی باری نائاساییە ( نظرية الظروف الاستثنائية) دادگاکان قەدەغە ناکات لە چاودێری بڕیارەکان بەڵام لە سەر بنەمای ڕەوایی نامۆیی( المشروعية الاستثنائية).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە جارێکی تر دادگای تەمیز ئەم جۆرە ڕێوشوێنانەی بەکارسالاری هەژمارکردوە و ڕێگەی بەخۆی نەداوە کە تەماشای بکات. وەکو ئەوەی لە ١٩٥٩/٦/٢٤ بڕیاریدا کە : ( دروست نیە داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بکرێت کە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە ڕەوایی یاساییان نیە لەسایەی حوکمی عورفی دەکەوێتەوە، وە دادگاکان بۆیان نیە تەماشای ئەو جۆرە داوایانە بکەن)(64).

لە هەموو ئەوانەی سەرەوە بۆمان بەدیاردەکەوێت کە دادگاکان زیاتر مەیلی ئەوەیان هەیە و حەز بەچاودێری ئەو بڕیارو ئیجرائاتانە ناکەن کە بە پێی حوکمی عورفی یان باری نائاسایی دەردەچێت، بەتایبەتیش ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە.

## خواستی دووەم

## دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی عیراقی لە سەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لەسایەی سیستەمی دوو دادگاییدا

دوای پێکهێنانی ئەنجومەنی شورای وڵات بە پێی یاسای ژمارە (١٠٦) لە ساڵی ١٩٨٩ بە هەموارکردنی ئەنجومەنی شورای وڵات ژمارە (٦٥) ی ساڵی ١٩٧٩. ئەو بڕیارانەی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە پێی ماددەی (٤٢/أ) لە دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە و هێزی یاسایان هەبوو. بەردەوام سنورێکی فراوانی داگیر کردبو هیچ چاودێرییەکی دادگای بەسەرەوە نەبوو، تا بەشێوەیەک سەرەڕای هەموو ئەو بارە ناهەموار وناخۆشانەی بەسەر وڵاتدا هات پەنای نەبردە بەر باری نائاسایی وە دادگای کارگێڕیش بەهەمان ڕێچکەی دادگای ئاسایی هەنگاوی دەناو هیچ تانەی لەو بڕیارانە لێنەدەدا. دیارترین

ب- لە ڕوی بەردەوامیەوە: بیردۆزی کارسالاری بەوە جیادەکرێتەوە کە بەردەوامی هەیە. هەرچی بیردۆزی باری نائاساییە بەوە جیادەکرێتەوە کە کاتیە.بنواڕە: د. عبدالفتاح، مصدر سابق، ص134 وما بعدها.

64 ) مغير، عبدالامير محسن،( ١٩٨٠)، سلطة الادارة في اصدار القرارات التنظيمية والرقابة عليها(دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ص342.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نمونەش بڕیاری دادگای کارگێڕی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٢/٢٠ کە تیایدا هاتووە: (..... ئەگەر بڕوانینە .... لەبەر هۆکارو ئەرێنیەکانی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە(١٥٧) بۆ ساڵی ١٩٩٤ دا، ئامانجی یاسادانەر لە دەرکردنی ئەو بڕیارەی تایبەت بە تۆمارکردنی تاپۆ و موڵکە جێگیرەکان لە سنوری نەخشەی بنەڕەتی بەغدا یان ئەو کەسەی کە تاپۆکەی بەناو دەکرێت پێویستە ناوی لە تۆماری ١٩٥٧ دا هەبێت یان هەر سەرژمێرێکی تری پێشوتر لە بەغدا و شوێنەکانی تر کە دەیگرێتەوە، کە یاسادانەر بەمەبەستی بەدیهێنانی ڕێکخستن وبنیاتنان و ئابوری و پلان و.... ئامانجەکانی تر)(65). وە لەنمونەیەکی تردا دادگای کارگێڕی لە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٧/٢٥ بڕیاریدا کە ( دادگاکانی دادگای کارگێڕی تایبەتمەند نیە لە شیکردنەوەو هەموارکردنی یاساکان و بڕیارە دەرچوەکانی دەسەڵاتی یاسادانان(66). کە مەبەست لەو بڕیارانە، بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە.

لەم دوو نمونەی دادگای کارگێڕی بەدیاردەکەوێت کە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت سیفەتی یاسادانان دەداتە پاڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەم شێوەیەی کە هەربڕیارێک لەم ئەنجومەنە دەربچێت بە یاسا هەژمار دەکرێت(67)، بەپێی پێوەری شەکلی و بابەتی کە بنەمای گشتی لەخۆ دەگرێت.

بەڵام ئێمە وای نابینین کە هەموو ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەری دەکات بەیاسا هەژماربکرێت بەلکو تەنها ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە، چونکە ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی یاسادانان نیە، بەلکو بەرزترین دەسەڵاتی وڵاتەو بەشداری هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دەکات لە پسپۆڕیدا. کە بەپێی دەقی ماددەی(٤٢) کە تیایدا هاتوە( أ- دەرکردنی بڕیارو

65 ) وزارة العدل،(تموز،اب، ايلول 2001)، مجلة العدالة، مجلة فصلية، العدد الثالث، ص113.
66 ) محمود، د. عبدالباقي،( ١٩٩٩)، اهم المبادئ التي أقرها القضاء الاداري في العراق، مجلة العدالة، العدد الثاني، تصدرها وزارة العدل، بغداد، ص101.
67 ) دادگای کارگێڕی پشتی بە مادە دەستوریەکانی (100، 102) دەستوری کاتی عیراقی ساڵی ١٩٧٠ بەستوە کە ئەو جۆرە بڕیارانە وەکو یاساو بڕیاری بەرکار هەژمار دەکرێن.

یاساکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هێزی یاسایان هەیە. ب_ دەرکردنی بڕیارگەلێک هەرکاتێک پێویست بکات بۆ جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکان)(68). کەواتە ئەو بڕیارانە بەپێی سروشتەکەی تەنها کارگێڕیە نەک یاسایی لە ڕواڵەتدا بەڵام لە ڕووی کارپێکردنەوە لەسەرووی یاسادا بووە.

لەهەموو ئەوانەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەریان دەکات هێزی یاسایان هەیەو نە ملکەچی چاودێری دادگای ئاساییەنەو نە ملکەچی چاودێری دادگای گارگێڕین، ئاماژە بە ماددەی (٥٧ – ج) کە تیایدا هاتوە: ( ئەو بڕیارانەی سەرۆک کۆمار دەریان دەکات بە کارسالاری هەژمار دەکرێن)(69).

کەواتە واباشترە کە ئەو دەق و ماددانەی کە باس لەو بڕیارانەی سەرۆکی کۆمار دەکات کە گوایا سروشتێکی یاساییان هەیە و ملکەچی چاودێری دادگای کارگێڕی نیە لابدرێت لە دەستوردا لەبەر دوو هۆکار: هۆکاری یەکەم ئەو جۆرە بڕیارانە بەپێی بارودۆخی یاسایی و ئابوری وڵات لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت و پێویست ناکات لە دەقێکی دەستوری چەقبەستودا جێگیربکرێت. هۆکاری دووەم ماددە(٥/٧ –أ) لە یاسای ئەنجومەنی شورای وڵات پێچەوانەی ماددەی( ٦٣ – ب) لە دەستوری ساڵی ١٩٧٠ کە ماف بە هەموو هاوڵاتیان دەدات دژی هەموو بڕیارێک سکاڵا بەرزبکەنەوە(70). وە تەواوی بڕیارەکانی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەریان دەکات هێزی یاسایان هەیە

68 ) دەستوری کاتی عیراق ساڵی ١٩٧٠.

69 ) بەپێی ماددەی ٥/٧ –(أ) لە ئەنجومەنی شورای وڵات کە تیایدا ئاماژە دەکات کە ئەو ئیجرائاتانەی لە سەرۆکی کۆمارەوە دەردەچێت بۆ جێبەجێکردنی باری نائاسایی بە کارسالاری هەژمار دەکرێت. تاکەکان بۆیان نیە سکاڵا لە دژی ئەو جۆرە بڕیارانە پێشکەش بکەن.

70 ) دەستوری کاتی عیراقی بۆ ساڵی ١٩٧٠.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ومەترسی زۆریان لەسەر ماف و ئازادی تاکەکان هەیە. پێویستە تێبینی دەرەنجامی ترسناکی بڕیارەکان بکرابایە بەر لە دەرکردنی ئەو جۆرە بڕیارانە.

ئەگەر سەرنج بدەینە دەستوری عیراقی ٢٠٠٣ کە بە (یاسای کارگێڕی دەوڵەتی عیراقی لە قۆناغی گواستنەوە) دا ناسراوە. بە هەمان شێوەی دەستورە یەک لە دواییەکانی عیراق مافی داوە بە دەسەڵاتی هاوپەیمانان کە ئەو بڕیارانە دەربکەن کە هێزی یاسایان هەبێت وەکو لە (م٢٦ – ج)(71) دا هاتوە: ( ئەو یاساو پەیڕەو و بڕیار وڕێنماییانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەردچێت بەپێی دەسەڵاتەکەی پاڵپشت بەیاسای نێودەوڵەتی، کارپێکراو دەبێت تا ئەو کاتەی لە لایەن دەستورێک هێزی یاسای هەیە هەڵدەوەشێتەوە یان هەموار دەکرێتەوە). کەچی لە ماددەی (٥٩ – أ) ی هەمان دەستوردا ئاماژە بە قۆناغی دوای گواستنەوە دەکات کە لە دەستوری داهاتودا باسی مسۆگەرکردن و گەرەنتی مافی هاوڵاتیان دەکات کە هێزە چەکدارەکانی عیراق بەکارنایەت بۆ تۆقاندن و پێشێلکاری دژی گەلی عیراق.

لەو ماددەی سەرەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە دەسەڵاتی هاوپەیمانان دەسەڵاتیان هەیە یاسا و بڕیارگەلێک دەربکەن کە هێزی یاسایان هەبێت وە پشت ئەستوربێت بە ماددەی دەستوری. دادگاش ئەستەمە مافی چاودێری و یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی هەبێت کە لە دەرەنجامی ئەو بڕیارانە دەکەونەوە.

71 ) یاسای کارگێڕی دەوڵەتی عیراقی لە قۆناغی گواستنەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٣.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ماددەی (٦١برگەی ٩_ ب،ج،د)(72). ماف دەدات بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە جاڕدانی شەڕ و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی. بەڵام ئەو دەسەڵاتانە بەیاسا ڕێکبخرێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران و نابێت پێچەوانەی دەستور بێت.

کەواتە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ بە بەراورد لە گەڵ دەستورەکانی تر وە دەسەڵاتی سیاسی و جێبەجێکردن سنوردارەو بەیاسا ڕێکخراوەو وەکو دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەوکات ڕەها نیە.

## خواستی سێ یەم

دەسەلاتی دادگای کارگێڕی لەسەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لە هەرێمی کوردستان

دوابەدوای شەڕی کەنداو لە ساڵی 1991 وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانان ناوچەی دژە فڕینیان لەسەر هێلی 36ی پانی کە بە کوردستاندا تێدەپەڕێت دروست کرد، بووە هۆی گەڕانەوەی ئاوارەکانی کوردستان، وە دوای کشانەوەی هێزی سەربازی عێڕاقی و دام و دەزگا کارگێڕییەکانی لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای دانانی ئابلوقەی ئابوری لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر عیراق بەگشتی و هەروەها ئابلوقەی عیراقیش لەسەر هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و بوونی بۆشایی کارگێڕی لە ناوچەکانی کوردستان، بەرەی کوردستانی(73)، بڕیاری هەلبژاردنی دا لە هەمان کاتدا هاولاتیانیش ئارەزووی زۆریان هەبوو.

72 ) دەستوری کۆماری عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

73 ) بەرەی کوردستانی لە (٨) هەشت حزبی کوردستانی عێڕاق پێکهاتبوو ئەوانیش: یەکێتی نیشتمانی کوردستان،پارتی دیموکراتی کوردستان ، حسک ،پاسۆک ، پارتی گەل ، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ، حیزبی شیوعی کوردستان-عێراق ، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لە ڕۆژی ٢ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ ڕاگەیەندرا. مەبەست لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کارو خەباتی پێکەوەیی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس لە عێراق کە لەو سەردەمە دا کردەوە دژ بە مرۆڤایەتییەکانی بەرامبەر بە گەلی کوردستان و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەکو هەر وڵاتێکی دیموکراسی هەرێمی کوردستان جگە لە پەرلەمان (دەسەڵاتی یاسادانان)کە کاری دانانی یاساکانە، هەروەها دەسەلاتی دادوەری و دەسەلاتی جێبەجێکردن(74)، کە لە دوو بەش پێك دێت ئەوانیش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانە کە دەسەلاتەکانیان بەپێی دەستورو یاسا پیادە دەکەن(75). لە مادەی (65) سەرۆکی هەرێم سەرەڕای هەر دەسەڵاتێك کە بەیاسا پێ ی دەدرێت دەسەلاتی تری هەیە وەکو لە بڕگەی (7)ی ئەم مادەیەدا هاتووە (دەرکردنی ئەو مەرسومانەی کە هێزی یاسایان هەیە، پاش ڕاوێژ کردن لەگەل سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسیەکەی، یان ئاسایشی، یان دامەزراوە دەستوریەکانی کەوتنە بەر مەترسیەکی لەناکاو و پەرلەمانیش نەیتوانی کۆبێتەوە بەمەرجێك ئەو مەرسومانە بخرێنە پێش چاوی یەکەمین کۆبونەوەی پەرلەمان، ئەگەر نەشخرانە بەر چاوی پەرلەمان، یان خرانە بەرچاوی پەرلەمان و ئەویش پەسندی نەکردن، ئاکاری یاساییان نامینێ). هەروەها لە بڕگەی هەشتەمدا هاتووە (جاڕدانی باری نائاسایی پاش ڕاوێژ کردن و ڕێککەوتن لەگەل سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە حالەتی شەڕ، داگیرکردن، یاخیبوون، ئاژاوە، کارەساتی سروشتی، یان بلاوبوونەوەی پەتا، یان هەر حالەتێکی لەناکاوی دیکەدا، بەمەرجێك ماوەکە لە مانگێك پتر نەبێت و درێژکردنەوەی دواتریش بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان و بۆ ماوەیەك دەبێ کە بۆ هەر درێژکردنەوەیەك لە (3) مانگ تێپەڕ نەبێت، حوکمەکانی باری نائاساییش بە یاسایەك ڕێك دەخرێت).

---

شۆڕشەکەی گەیاندبووە ئەوپەڕی درندەیی. بۆ زانیاری زیاتر بنوارە: مستەفا، ئازاد ،( ١٩٨٨)،کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، دەزگای چاپەمەنی شەهید فەرهاد، سوید، لا30

74 ) مادە (39) لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان سالی 2009.

75 ) مادە (59) لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٩.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوابەدوای ئەوەی کورتە باسێکمان سەبارەت بە چۆنیەتی دروست بونی سیستەمی سیاسی کوردستان کرد کەسەرەنجام پێکهێنانی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، بەتایبەت ئەو مادانەی کە باسی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات لە بارودۆخی لەناکاودا، بۆیە بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لە هەرێمی کوردستان کە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەردەجیت بە هەردوو بەشەکەیەوە بە پێویستمان زانی کە ئەم خواستەمان دابەش بکەین بەسەر دوو تەوەردا، بەجۆرێك کە لە تەوەری یەکەمدا ڕۆشنایی دەخەینە سەر هەندێ لەو بڕیارانەی کە لە سەرۆکایەتی هەرێم دەردەجیت و، هەروەها تەوەری دووەم تەرخان دەکەین بۆ باس کردنی هەندێ لەو بڕیارانەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەجیت و هێزی یاسایان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

### تەوەری یەکەم: ئەو بڕیارانەی لە سەرۆکایەتی هەرێم دەردەچێت کە هێزی یاسایان هەیە

لە ڕاستیدا هەر بڕیارێك لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەردەچێت پێویستە پاڵپشت بە یاسایەك بکات بۆ ئەوەی هاوتا بێت لەگەل مەشروعیەت، یاساو بڕیارەکانیش سەرچاوەیان دەستورە. ئەوەی جێگای نیگەرانیە تا ئێستا هەرێمی کوردستان دەستورێکی نوسراوی نیە هەرچەندە پرۆژەیەکی دەستور لە سالی (2009) ئامادە کرا بەلام دەنگی لەسەر نەدراو هەروا مایەوە ئەوەش وا دەکات کە دەزگاکانی دەوڵەت پابەند نەبن پێیەوە، وە لە دەستوری سالی (2005) ی عیراقدا هاتووە کە هەرێمی کوردستان دەستورێك بۆ خۆی دادەنێت کە هەیکەلی دەسەڵاتەکانی و تایبەتمەندیەکانی دیاری دەکات بەجۆرێك کە ناکۆك نەبێت لەگەل ئەم دەستورەدا(76)، بەلام ئەوەی تێ بینی دەکرێت لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕێگای بە سەرۆکی هەرێم داوە ئەو بڕیارانە دەربکات کە هێزی یاسایان هەیە لەو

76 ) مادە (120) لە دەستوری عیراق سالی 2005 دەلێ " هەرێم دەستورێك بۆ خۆی دادەڕێژێت هەرەمی دەسەلاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکار هێنانی ئەو دەسەلاتە دیاریدەکات بەمەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەل ئەم دەستورەدا".

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتەی کە هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی مەترسیداردا تێدەپەڕێت بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆك پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران(77).

ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان دەقی بڕگەی (5) ی مادە (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق و بڕگەی (9)ی مادە (61) ی دەستوری عیراق سالی (2005) دەبینین پێچەوانەی یەکترن  چونکە لەو مادەی دەستوردا بەشێوەیەکی ڕوون مەرجی ڕەزامەندی 3/2ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی داناوە لەکاتی جاڕدانی باری لەناکاو واتە سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناتوانن بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران جاڕدانی باری لەناکاو بدەن بەلام هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق ڕێگا بە سەرۆکی هەرێم دەدات بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ئەو بڕیارانە دەربکات(78)، کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە حوکمی مادە 5/10 نامەشروعە چونکە ناکۆکە لەگەڵ دەستوری عیراق(79).

لە میانەی بەدواداچونمان بۆ ئەو بڕیارانەی کە لە سەرۆکی هەرێم دەرچوون لە سەرەتای دەست بەکار بوونیەوە تا ئێستا هیچ تانەیەکی لێ نەدراوە نە لەبەردەم دادگای کارگێڕی هەرێم و نە لەبەردەم دادگای بالای ئیتیحادی عێراقیش(80).

---

77 ) مادە 10 /5 لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەلێ " پێنجەم: کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسیەکەی یان ئاسایشی گشتی هەرێم ... بکەونە مەترسییەکی ئەوتۆوە هەڕەشە لە بوونی بکا ... سەرۆکی هەرێم دوای ڕاوێژو ڕێککەوتن لەگەل سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا بڕیارگەلێ دەردەچوێنێ هێزی یاسایان هەیە ...".

78 ) صديق، فلاح مصطفى، (٢٠١٧)،التكييف القانوني للقرارات الادارية الصادرة من حكومة اقليم كوردستان (دراسة تحليلية)، بحث منشور في مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامة كركوك، العدد (6)، ص436-437

79 ) مادە (2/13) لە دەستوری عیراق (2005) دەلێ "نابێت یاسایەك دابنرێت پێچەوانەی ئەم دەستورە بێت".

80 ) قسم الشؤون القانونية ، (2005-2018)، الفهرست التحليلي لأحكام وقرارات المحكمة الإتحادية العليا، بغداد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا دەتوانین بڵێین سەرۆکی هەرێم لە بڕیارەکانی پابەند بووە بە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و لەو بڕیارانەی دەریکردون هاوتا بوون لەگەل مەشروعیەت و هیچ بڕیارێك لە سەرۆکایەتی هەرێم دەرنەچووە کە ماف و ئازادی تاکەکان پێشێل بکات و زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت ئەوەش خالێکی ئەرێنی یە بۆ ناوبانگی هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسیەکەی. ئەوەی دەلێ بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ شاری کۆبانی ڕۆژئاوای کوردستان بڕیاری سەرۆکی هەرێم بوو وا نیە، چونکە ئەو بڕیارە لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر درا لە 2014/10/22 ئەوەش لەدوای یاداشتنامەیەکی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بوو کە پێشکەشی پەرلەمانی کرد و داوای کرد دەسەڵاتی جولاندنی هێزی پێ بدەن بۆ هاوکاری کردن و یارمەتیدانی کوردانی ڕۆژئاوا لە (کۆبانی) کە ڕووبەڕووی مەترسی هێرشی تیرۆریستانی داعش ببونەوە. هەروەها بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەنجومەنی بالای ڕیفراندۆم دەریکرد وە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبووی پەرلەمانی کوردستان پەسند کراو وەکو ڕاسپاردە ئاراستەی ئەنجومەنەکە کراو دەسەڵاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی پێدان(81).

## تەوەری دووەم: ئەو بڕیارانەی کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت و هێزی یاسایان هەیە

لەماوەی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی سیاسی و ئابووری و سەربازی نالەباردا تێپەڕی، بە تایبەتی لەدوای ئەوەی نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عیراق لە سالی (2014) بڕیاری ڕاگرتنی ناردنی بودجەو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی دا، هەروەها هەرێمی کوردستان

81 ) شایانی ئاماژە پێکردنە پەرلەمانی کوردستان لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕیکەوتی ٢٠١٧/٩/١٥ لە کۆبونەوەی نائاسایی خۆی بە ئامادەبونی (٦٨) پەرلەمانتار کۆبووەوو ئەم ڕاسپاردەی دەرکرد لە دوای ئەوەی (٦٥) لە ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان پێدا.

کەوتە بەر شالاوی هێرشی دڕندانەی تیرۆریستانی داعش، وە نرخی نەوتیش لە بازاڕەکانی جیهان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی، هەموو ئەو بارودۆخە نەخوازراوانە مەترسی گەورەی لەسەر هەرێمی کوردستان دروستکرد. لێرەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو بارودۆخە ناخۆشانەو قەیرانی دارایی چەند بڕیارێکی دەرکرد گرینگترینیان بڕیاری پاشەکەوت کردنی بڕیك لە موچەی فەرمانبەران بوو(82). ئەو بڕیارە کە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە ٢٠١٦/٢/٣ دەرچووە بووە هۆکاری وەستاندنی تەواوی جێبەجێکردنی یاسای موچەی فەرمانبەران و کەرتی گشتی ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٨ وە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، پێچەوانەی یاسایە بە هەموو ماناکانیەوە لە ڕوانگەی دادگای کارگێڕی و ڕوکنەکانی بڕیاری کارگێڕی، کەموکورتە لەم ڕوانەوە:

1- لە ڕووی ڕوکنی پسپۆڕیەوە: ئەنجومەنی وەزیران پسپۆڕ نیە لە وەستاندن و هاوتاکردنی موچەی فەرمانبەران بەلکو لە پسپۆڕی دەسەڵاتی یاسادانانە، چونکە بەیاسا ڕێکخراوە نەک بە بڕیاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن.
2- لە ڕووی ڕوکنی هۆکاری بڕیارەکە: ئەو بڕیارە هۆکارەکەی نادروستە چونکە لەگەڵ مەشروعیەت یەکناگرێتەوە و هیچ بیانوویەکی یاسایی نیە پاڵ بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بنێت بۆ دەرکرنی ئەو بڕیارە کارگێڕییە، وە هیچ بنەمایەکی یاساییشی نیە.
**3-** لە ڕووی ڕوکنی ئامانج لە دەرکردنی بڕیارەکە: هەر بڕیارێکی کارگێڕی پێویستە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بێت. بڕیاری پاشەکەوتکردنی موچە هیچ بەرژەوەندی گشتی تێدا نیە و بووە هۆی جۆرێک لە پەشۆکاوی و ئیفلیجی دامودەزگا گشتیەکان، پەککەوتنی دەزگاکانی دەوڵەت ویاساکانی پەیوەست

82 ) جگە لەو بڕیارە بڕیاری تری وەك ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەو سەرموچەی فەرمانبەران و زیاد کردنی باج و زیاد کردنی پێبژاردنەکانی سەرپێچییەکانی هاتوچۆو بڕیارگەلێکی تری دا.

بە وەزیفەی گشتی، بۆیە لەم ڕووەوە شایانی هەڵوەشاندنەوەیە، هەرچەندە ئێستا هەڵوەشاوەتەوە بەڵام قەرەبووی فەرمانبەران نەکراوەتەوە لەو زیانانەی لە ئەنجامی ئەو بڕیارە بەریان کەوتووە.

## کۆتایی

لە کۆتایی دراسەکردنی ( سنوری دەسەڵاتی دادگای کارگێڕی بەرامبەر ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لە عیراق و هەرێمی کوردستان) تویژەران گەیشتنە چەند دەرەنجام و پێشنیارێک گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: دەرنجامەکان:

1. ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی وجێبەجێکردنەوە دەردەچێت، لە کاتێکدا وڵات ڕووبەڕووی مەترسی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێتەوە.
2. سنوری پەنابردن بۆ ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە فراوانە هەندێکیان پاڵپشتی دەستوری و یاساییان هەیە، هەندێکیان سنوربەزاندنە بۆ ئەو پاڵپشتە دەستوری و یاساییانە.
3. ئەو جۆرە بڕیارانە کاریگەری خراپیان لەسەر ماف و ئازادی تاکەکان هەیە کە بەیاسا ڕێکخراون.
4. دادگاکان بەگشتی و دادگای کارگێڕیش بەتایبەتی سنوری دەسەڵاتی بەرتەسک دەبێتەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی دەرەنجامی ئەو جۆرە بڕیارانە دەکەونەوە.
5. لە سەرەتای دامەزراندنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە تا ساڵی ٢٠١٩ پیادەی ئەو دەسەڵاتەی نەکردووە بە دەرکردنی بڕیارگەلێک کە هێزی یاسایان هەبێت.
6. لەهەردوو پێناسەی باری لەناکاوو ئەحکامی عورفی بۆمان بەدیار دەکەوێت کە (باری لەناکاو ڕێ و شوێنێکی سیاسی و یاساییە بۆ ئەو بارە ناهەموارەی کە ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە) وە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەحکامی عورفی (تەنها جێبەجێ کردنی باری لەناکاوە بەڕێگای سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیەی کە هەڕەشە لە گەل و نیشتیمان دەکات).

7. لە دەستورە کاتیەکانی عیراقدا سەرۆکی کۆمار سنوری دەسەڵاتی زۆر فراوانتر بووە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەران( پەرلەمان)، بەڵام دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ بە بەراورد لە گەڵ دەستورەکانی تر دەسەڵاتی سیاسی و جێبەجێکردن سنوردارەو بەیاسا ڕێکخراوەو وەکو دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەوکات ڕەها نیە.
8. دادگاکان زیاتر مەیلی ئەوەیان هەیە و حەز بەچاودێری ئەو بڕیارو ئیجرائاتانە ناکەن کە بە پێی حوکمی عورفی یان باری نائاسایی دەردەچێت، بەتایبەتیش ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە.
9. ئەو بڕیارانەی کە لە سەرۆکی هەرێم دەرچون لە سەرەتای دەست بەکار بوونیەوە تا ئێستا هیچ تانەیەکی لێ نەدراوە نە لەبەردەم دادگای کارگێڕی هەرێم و نە لەبەردەم دادگای باڵای ئیتیحادی عێراقیش.

**دووەم: پێشنیارەکان**

1. بەپەسەندی یاسادانەر خۆی بەدوور بگرێت لە هەندێک سیستەمی وەک ئەحکامی عورفی ( کە بە حوکمی سەربازی ناسراوە) بەلکو پشت بە یاسای فریاگوزاری( قانون الطوارئ) ببەستێ کە کاتیە وملکەچی چاودێری دادگای کارگێڕی بێت.
2. وا باشترە کار سالاری ( أعمال السيادة) لە سنوری وڵات دیاریبکات و بەرەهایی نەیهێڵێتەوە بۆ ئەوەی دادگای ناوبراو دەست بەستراو نەبێت ودەسەڵاتی جێبەجێکردنیش دەست کراوە.
3. واباشترە کە ئەو دەق و ماددانەی کە باس لەو بڕیارانەی سەرۆکی کۆمار دەکات کە گوایا سروشتێکی یاساییان هەیە و ملکەچی چاودێری دادگای کارگێڕی نیە لابدرێت لە دەستوردا

لەبەر دوو هۆكار: هۆكاری یەكەم ئەو جۆرە بڕیارانە بەپێی بارودۆخی یاسایی و ئابوری وڵات لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر هۆكاری دووەم مادده(٥/٧ –أ) لە یاسای ئەنجومەنی شورای وڵات پێچەوانەی ماددەی( ٦٣ – ب) لە دەستوری ساڵی ١٩٧٠ كە ماف بە هەموو هاوڵاتیان دەدات دژی هەموو بڕیارێک سكاڵا بەرزبكەنەوە.

4. بەیاسا هەموو ئەو جۆرە بڕیارانە دیاریبكرێت كە هێزی یاسایان هەیە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێكردن نەتوانن سنوری ماف و ئازادی تاكەكان پێشێل بكەن. وە لە كاتی پێشێلكردنیان و پەردەپۆشكردنی ئەو سنوربەزاندنەش بۆ بەئەنجام گەیاندنی بەرژەوەندیە تایبەتیەكانیان لە سایەی ئەو جۆرە بڕیارانە كە دەروازەیەكە بۆ گەندەڵی بە هەموو شێوازەكانیەوە بە تایبەتیش گەندەڵی كارگێری.دادگای كارگێڕی توانای هەڵوێست وەرگرتنی هەبێت.

بەپەسەندی دەزانین هەرێمی كوردستان بەزوترین كات دەستورێك دابنێت وە دادگای دەستوریش دابمەزرێنێ بۆ دیاریكردنی دەسەلاتی جێبەجێكردن و یەكلاییكردنەوەی ئەو كێشانەی لەم جۆرە بڕیارانەوە دروست دەبن.

## سەرچاوە:

یەكەم: پەرتوكەكان

1- مستەفا، ئازاد،(1988)، كورتە باسێكی بەرەی كوردستانی، دەزگای چاپەمەنی شەهید فەرهاد، سوید.

2- د. بدر، احمد سلامة، (٢٠٠٣)،الاختصاص التشريعي لرئيس الدولة في النظام البرلماني ،دار النهضة العربية ،القاهرة.

3- رسلان، د. انور احمد، (١٩٩٩)، وسيط القضاء الاداري، دار النهضة العربية، القاهرة.

4- جمال الدين، سامى،(١٩٨٢)، لوائح الغرورة و ضمانات الرقاية القضائية، منشأت المعارق الاسكندرية ،مصر.

5- سرور، احمد فتحي،(٢٠٠٢)، القانوني الجنائي الدستوري، دار الشروق، القاهرة.

6- الشكربي، علي يوسف،( ٢٠١٢)، الوسيط في الأنظمة السياسية، ط1، دار صفاء، عمان.
7- الجرف، د. طعيمة،( ١٩٨٤)،مبدأ المشروعية ورقابة القضاء لاعمال الادارة العامة، قضاء الالغاء، دار النهضة العربية، القاهرة.
8- الايوبي، عبدالرحمن نورجان،( ١٩٦٥)، القضاء الاداري في العراق حاضره ومستقبله ( دراسة مقارنة) دار ومطابع الشعب.
9- داير، د. عبدالفتاح ساير ،( ١٩٥٥)، نظرية اعمال السيادة، دراسة مقارنة في القانونين المصري والفرنسي، مطبعة جامعة القاهرة.
10- خماس، د. فاروق احمد،( ١٩٨٨)، الرقابة على اعمال الادارة، دار الكتب للطباعة والنشر، كلية القانون، جامعة موصل.
11- عطار، د. فؤاد، ( ١٩٧٤)، مبادئ علم الادارة العامة، دار النهضة العربية، القاهرة.
12- الجبوري، د. ماهر صالح علاوي،( ١٩٩١)، القرار الاداري، دار الحكمة للطباعة والنشر.
13- حسين، مبروك،( ٢٠٠٧)، تحرير النصوص القانونية، ط2، دار هومة.
14- الوكيل، د. محمد،( ٢٠٠٣)، حالة الطوارئ وسلطات الضبط الاداري دراسة مقارنة، ط2، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر.
15- حافظ، د. محمود محمد،( ١٩٨٥)، القرار الاداري، ط4، دار النهضة العربية، القاهرة.
16- هاشم، د. محمود محمد، (١٩٨١)، قانون القضاء المدني، ج1، النظام القضائي، جامعة عين شمس، كلية الحقوق.

دووەم: نامەکانی ماستەرو دکتۆرا

17- فؤاد، بو خميس،(٢٠١٧) ، تطبيقات نظرية الظروف الإستثنائية على الاعمال القانونية للإدارة، رسالة ماجستير في الحقوق، مقدم الى كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة زيان عاشور بالجلفة.
18- رباحي، مصطفى، ( ٢٠٠٥)، الصلاحيات الإستثنائية (غير العادية) لرئيس الدولة، رسالة ماجستير، جامعة منتوري، الجزائر.
19- مغير، عبدالامير محسن،( ١٩٨٠)، سلطة الادارة في اصدار القرارات التنظيمية والرقابة عليها (دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد.

سێیەم: توێژینەوەو وتارەکان

20- شير، د. رافع خضر صالح، ( ٢٠١٣)، هند كامل عبد زيد: الاعمال التشريعية للسلطة التنفيذية في وجود برلمان، بحث منشور في مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الاول.

21- الطماوي، د. سليمان،( ١٩٧٦)، القضاء الاداري، ج1، قضاء الالغاء، دار الفكر العربي.
22- محمود، د. عبدالباقي، (١٩٩٩)، اهم المبادئ التي أقرها القضاء الاداري في العراق، مجلة العدالة، العدد الثاني، تصدرها وزارة العدل، بغداد.
23- الشكراوي، د. علي هادي، و البديري، د. اسماعيل صعصاع، (2014)، التنظيم القانوني لانظمة الإستثناء، بحث منشور في مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد (3)، السنة (6)، جامعة بابل ، كلية القانون.
24- صديق، فلاح مصطفى،( ٢٠١٧)، التكييف القانوني للقرارات الادارية الصادرة من حكومة اقليم كوردستان (دراسة تحليلية)، بحث منشور في مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، العدد (20)، المجلد (6).
25- (١٩٩٥)، قرار الغرفة الادارية العليا، منشور بالمجلة القضائية، الجزائرية، العدد الثاني.
26- واصل، د. محمد،( ٢٠٠٦)، اعمال السيادة والاختصاص القضائي، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد 22، العدد الثاني.
27- حسين، مسعودي، (٢٠١٢)، أعمال السيادة بين الإطلاق والتحديد، ورقة العمل مقدم الى المؤتمر الثاني لرؤساء المحاكم الإدارية في الدول العربية، الجزائر.
28- د. بن عمار، مقنى، ( ٢٠١٣)، اعمال السيادة كاستثناء عن اختصاص القضاء وتطبيقاتها في مواد الجنسية، بحث مقدم الى جامعة ابن خلدون/ تيارت، الجزائر.
29- محمد، د. نعم احمد، و عبدالله، دولت احمد، ( ٢٠٠٥)، التنظيم القانوني لحالة الطوارئ في العراق، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد 12، العدد 4.

چوارەم: دەستورەكان

31 - الدستور العراقي الدائم لسنة 2005.
32 - دەستوری بنەڕەتی عیراقی ساڵی ١٩٢٥ .
33 - دەستوری كاتی 29 نیسانی عیراقی سالی 1964
34 - دەستوری كاتی عیراقی ساڵی ١٩٥٨
35 - دەستوری كاتی عیراقی ساڵی ١٩٦٤
36 - دەستوری كاتی عیراقی ساڵی ١٩٧٠ی هەمواركراو لە ١٩٩٣/١/٢٨.
37 - القانون الأساسي العثماني الملغي لسنة 1908.
38 - پڕۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان سالی 2009.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێنجەم: یاساکان
39 - قانون الطوارئ الفرنسي الصادر في 9 أب 1949.
40 - أمر الدفاع عن السلامة الوطنية في رقم (1) لسنة 2004.
41 - یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)، لە ٣١|٨|١٩٩٢
42 - یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارة (1) بۆ سالی 2005
43 - أمر الدفاع عن السلامة الوطنية ، الوقائع العراقية ،العدد 3987، 2004
44 الفهرست التحليلي لأحكام وقرارات المحكمة الإتحادية العليا، قسم الشؤون القانونية، (2005-2018)، بغداد.
شەشەم: پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان
45 - العهد الدولي للحقوق السياسية والمدنية لسنة (1966)
حەوتەم: سەرچاوەکانی تۆڕی ئەلکترۆنی ئەنتەرنێت
45- كوفلى، عبدله جعفر، حالة الطواريء ضرورة آنيه وقانونية لاقليم كوردستان، مقال منشور فى ٢٠١٥/١١/٣٠ علي الموقع الإليكروني: gulan-media.com،تأريخ زيارة الموقع في 2019/8/20
46- قانون الطواريء والأحكام العرفية- تعريفها و متى يتم تطبيقها، مقال منشور على الموقع الاليكتروني التالي: منتدى المواضيع العامة بتأريخ 2011/4/16، آخر زيارة للموقع في 2019/8/28

# Authority of administrative Judiciary toward decisions that have the force of law in Iraq and the Kurdistan Region

**Jumha qadir salih**
The legal Administrative, Inistitute of Khabat, Erbil polytechnic university, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Jumha.salih@epu.edu.iq

**Nahro Asaad Abdulla**
The legal Administrative, Inistitute of Khabat, Erbil polytechnic university, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Nahro.abdulla@epu.edu.iq

***Keywords:*** *Acts of sovereignty, Emergency conditions, Martial law, Exceptional circumstances, Administrative judiciary*

## Abstract

The purpose of this research is to study the decisions that the legislative authority entrusts with the executive authority to issue and which has the force of law in exceptional circumstances to which the state is exposed to assure the proper functioning and continuity of state organs, and to protect security and state safety from internal and external threats to the sovereignty of the state and its members. And the seriousness of these decisions on the rights and freedom of the individual and society, and highlight the limits of the authority of the administrative Judiciary over these decisions.
This research contains two topics: The first section is devoted to the definition of decisions that have the force of law with the legal basis on which these decisions are based. The second research is devoted to talk about the authority of the Administrative Judiciary in both Iraq and the Kurdistan Region - Iraq over decisions that have the force of law.
At the end of this research, the researchers reached some of the most important results: the decisions that have the force of law issued by the political and executive authority in the case of the country's exposure to internal and external risks, and that these decisions have adverse effects on the rights and freedoms of individuals organized by law, narrow the limits of the administrative Judiciary authority In resolving the issues resulting from these decisions.

## ملخص:

يهدف هذا البحث دراسة القرارات التي يكلف السلطة التشريعية السلطة التنفيذية باصدارها والتي لها قوة القانون في الظروف الإستثنائية التي يتعرض لها الدولة للإطمئنان على حسن سير و إستمرارية أجهزة الدولة، وحماية الامن وسلامة الدولة من مخاطر الداخلية والخارجية المهددة لسيادة الدولة وأفرادها. وخطورة هذه القرارات على حقوق و حرية الفرد والمجتمع، وتسليط الضوء على حدود سلطة القضاء الاداري إزاء هذه القرارات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

يحتوي هذا البحث على مبحثين: المبحث الاول فيه مخصص لتعريف القرارات التى لها قوة القانون مع الاساس القانوني الذي يعتمد عليها هذه القرارات. بينما البحث الثاني مكرس للحديث عن سلطة القضاء الاداري في كل من العراق و أقليم كوردستان- العراق إزاء القرارات التي لها قوة القانون.

في ختام هذا البحث توصل الباحثان الى بعض النتائج أهمها: أن القرارات التي لها قوة القانون يصدر عن السلطة السياسية و التنفيذية في حالة تعرض البلد للمخاطر الداخلية و الخارجية، و أن لهذه القرارات آثار سيئة على حقوق وحريات الافراد المنظمة بالقانون، يضيق حدود سلطة القضاء الاداري في حسم القضايا الناتجة عن هذه القرارات.